 ئەنوەر سوڵتانی

# جارێکی دیکە سینەما سەعدی بۆکان

بنەمای نووسرانی بابەتی "سینەما سەعدی بۆکان" کە لە بەشی ٣٠١ ی ئەم زنجیرە ووتارەدا بڵاوبووەوە، ئیمەیلێک بوو کە ڕێزدار ڕەحیم بەهرام زادە بۆ کاک برایمی فەڕشی و منی ناردبوو و تێیدا ئاماژەی بە *"سینەما شەق و شڕەکەی بۆکان!"* کردبوو. بە شوێنیدا من کەوتمە بیری نووسینی بابەتێک سەبارەت بە مێژووی دروست بوون و فەوتانی ئەو "سینەما شەق وشڕە" و لەم بوارەدا داوای یارمەتیم لە هەندێک هاوڕێی بەڕێزی خۆم کرد و بە هیممەتی هەموولایەک ئەو وتارە بەرهەم هات کە لە بەشی ٣٠١ ی ئەم زنجیرەیەدا دەبینرێت.

یەک لەو کەسانەی وا دەبوایە داوای زانیاری لێبکەم، ڕێزدار برایمی فەڕشی بوو. بە خۆشییەوە کاک برایم پێی گوتم کە دەیەوێت بابەتێکی سەربەخۆ لەسەر مەسەلەکە بنووسێت. کارەکە بەڕێوە چوو و کاک برایم بابەتێکی تێروتەسەل و چەند قات دەوڵەمەندتر لە وتارەکەی منی نووسی و هەر لەم ماڵپەڕە و یەک دوو شوێنی دیکەشدا بڵاوی کردەوە. یادداشتەکانی کاک برایم لە ڕێگەی ئەو بەرنامە شانۆییانەوە کە لە هۆڵی سینەما سەعدی بەڕێوە چووبوون، سەری لە بواری مێژوولکەی شانۆ لە بۆکانی ساڵانی سینەما سەعدیش دەرهێنابوو، کە ئەویش کارێکی گەلێک پێویست بوو و دەبوایە بکرێت.

بەشوێن وتارەکەی کاک برایمدا، سەرەتا کاک مەنسوور فەڕڕوخی سەبارەت بە لایەنی شانۆگەریی وتارەکە لە بۆکان بابەتێکی نووسی و لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات بۆکاندا بڵاوی کردەوە، پاشانیش کاک ڕەحمان محەممەدیان بە وتارێکی کورت هەندێک تێبینی سەبارەت بە شانۆگەریی ئەو ساڵانە و هۆڵی دەبیرستانی پەهلەوی نووسی، کە هەر لەم ماڵپەڕەدا بڵاو کرایەوە. ئینجا کاک مەنسوور وتارێکی دووهەمی نووسی و بەڵگەی کڕینی زەوی سینەماکەی لەگەڵ هەندێک زانیاری نوێ سەبارەت بە خاوەنی سینەماکە ڕاگەیاند کە پێشتر واهەبوو کەم کەس پێیان بزانێت.

من بۆ دەوڵەمەند کردنی فایلی سەبارەت بە سینەما سەعدی ویارمەتیدانی ئەو کەسانەی وا لە دوارۆژدا مێژووی بۆکان دەنووسن، لێرەدا وتاری کاک برایم و کاک ڕەحمان و هەردوو وتاری کاک مەنسوور دەهێنمەوە:

ئەلف

وتاری کاک برایم فەڕشی:

# لە چاڕکێشانەوە بۆ سینەما سەعدی!

**برایم فەڕشی**

بە یادی سینەما شەق وشڕەکەی بۆکان![i]

**لومیر، خومەینی و سینەما**
برایانی لومیر، لوئیس و ئاگوستە، بە دروستکردنی ئاپاراتی سینەما لە ڕۆژی ٢٨ی دیسامبری ساڵی ١٨٩٥ لە شاری پاریس، دەروازەیەکی گەورەیان بەرەو ڕووی فەرهەنگ و هونەری میللەتانی جیهان کردەوە، ٨٣ ساڵ دواتر هەر لە مانگی دیسامبر، پیرەپیاوێکی موسڵمان بە ناوی روح الله[ii] لە پاریسەوە بەرەو تاران فڕی و دەرگا و دەروازەی بەرەوڕووی هەموو چەشنە فەرهەنگ و هونەرێک داخست.
١١٦ ساڵ دوای لومیر، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەرپرسانی ئیداری و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە شێوەی ڕەسمی بەڵام دیپلوماتیک و فیڵەبازانە باس لە وێرانی و نەمانی چل و "یەک[iii]" سینەما لە شار و ئوستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن:

- " به گزارش خبرگزاری فارس از ارومیه، پناه نجف زاده پیش از ظهر امروز در جلسه کار گروه فرهنگ و امور اجتماعی که در سالن اجتماعات استانداری آذربایجان غربی تشکیل شد، اظهار داشت: هم اکنون 19 باب سینما در مناطق مختلف آذربایجان غربی وجود دارد که از این تعداد 13 باب سینما زیر نظر حوزه هنری استان هستند که از این تعداد فقط چهار باب سینما در ارومیه به صورت نیمه فعال کار می کنند. وی افزود: در این 19 باب سینما بیش از 7 هزار صندلی وجود دارد که فقط 3 هزار صندلی در سینماهای ارومیه در ایام مختلف سال به ویژه در مواقع اکران فیلم های جذاب به کار گرفته می شود[iv]."

- " استان کردستان با جمعیت يك ميليون و 400 هزار نفر جمعیت كه به نقل از آمار سازمان ملي جوانان استان 508 هزار نفر از اين جمعيت را جوانان 14 تا 29 سال در 9 شهرستان استان تشكيل مي‌دهند از داشتن سالن‌هاي سينما بي‌بهره هستند[v]."

- "عباس سروری با اعلام خبر تعطیلی سینماها در کرمانشاه اظهار داشت: از مجموع سینماهای موجود در شهر کرمانشاه فقط دو سینمای آزادی و پیروزی فعال بودند که متأسفانه به دلیل ورشكستگي و نداشتن توان مالي لازم جهت اداره آنها، اين دو سينما هم به تعطيلي كشيده شد. وی گفت: سینماهای ما در کرمانشاه وضعیت خوبی ندارند، فرسودگي سالن‌هاي سينما، نداشتن صندلی های مناسب و فضای در خور شأن تماشاگر، وجود مشکل نور و صدا در سالن‌های سینما از جمله مشکلاتی است که سینما در کرمانشاه با آن مواجه است[vi]"

- " به گزارش خبرنگار مهر، استان ایلام دارای 640 هزار نفر جمعیت است که این جمعیت، فقط دو سالن سینما دارند که یکی از سالنها سالهای زیادی است به دلایل نامشخص تعطیل شده

و سالن دیگر هم بدلیل عدم مناسب سازی و وضعیت ظاهری، چندان مورد استقبال مردم قرار نمی گیرند[vii].

- فرماندار شهرستان بوکان "حسن عباسی"، در گفت‌وگو با خبرنگار خبرگزاری دانشجویان ایران(ایسنا)، افزود: نمایش فیلم در سینمای شهر را به پیمانکار واگذار کردیم اما با توجه به عدم استقبال شهروندان از تماشای فیلم در سینما و همچنین متضرر شدن پیمانکار، دیگر فیلمی در این سینما به نمایش گذاشته نمي‌شود." " وي با اشاره به اين كه امروز ديگر مردم علاقه‌مند به تماشاي فيلم در سينما با توجه به پیشرفت دنیای کنونی و همچنین وجود وسایل ارتباط جمعی در منازل نيستند، اظهار كرد: نيازي نيست كه مسؤولان شهري در اين رابطه براي جذب تماشاگر به سينماها وارد عمل شوند بلكه بايد در مراتب بالاتر با ساخت محصولات فرهنگي مناسب نسبت به ايجاد تقاضا و در نهايت عرضه آن اقدام كنند[viii]."

" چۆنیەتی ڕواڵەتی سینەماکان، نەگونجاوبوون لە گەڵ بارودۆخی سەردەم، کۆنەبوون، نەبوونی کورسی گونجاو، گرفتی ڕۆشنایی و دەنگ، پێشوازی نەکردنی خەڵک، وەرشکەستەبوونی خاوەن و پەیمانکاری سینەماکان" هەرچەند هۆگەلی بێ ڕەونەق بوونی سینەما لە کوردستان و ئێرانە، بەڵام هۆی سەرەکی نییە. حەسەن عەبباسی فەرمانداری بۆکان "پێشکەوتنی دنیا و بوونی کەرەسەی ڕاگەیاندنی گشتی لە ماڵەکان" هۆی گۆڕینی مەیل و ڕووەرگێرانی خەڵک لە "کاڵاکانی فەرهەنگی" کۆماری ئیسلامی ئێران دەزانێ.

فەرمانداری بۆکان داوای "کاڵای فەرهەنگی گونجاو" لە دەستەڵاتدارانی باڵای حکوومەتی ئێران بۆ خەڵکی کوردستان دەکات. گونجاو بەو مانایە کە لە گەڵ "ویستی خەڵک" یەک بگرێتەوە. ئەم داوایە ئیسباتی داسەپاندنی فەرهەنگ و کالایەکی نەیار و نەویستە کە ٣٢ ساڵ بە سەر خەڵکی کورددا داسەپاوە. کۆماری ئیسلامی ئێران بە چاوساغی کوردانی وەک عەبباسی ٣٢ ساڵ کاڵای نەگونجاوی فەرهەنگی کە هەڵقوڵاوی بیروهزری کۆمەڵێک ئینسانی ئایین پەرەستی دژ بە فەهەنگ و هونەر و دژ بە زاتی ئازادی و فرەفەرهەنگی بووە، دەرخواردی گەورە وبچووکی میللەتێک داوە کە جیاواز لە میللەتی سەردەست و دەستەڵاتدار بوو.

خەڵکی کورد زیاتر لە ١٥ ساڵە ئیمکانی بیستن و چاولێکردن لە بەرنامەی تەلەوزیۆنەکانی کوردی و نەکوردی دەرەوەی ئێران و دەرەوەی بازنەی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بۆ ڕەخساوە. ئەوان ئینترنێت بەکار دەهێنن و تازەترین فیلمەکانی جیهان بە بێ سانسۆر و بە زمانی ئەسڵی بە بێ پارە دادەبەزێنن، ئەوان لە ڕێگای دی وی دی دوور لە چاوەدێرانی ئیدارەی ئیتلاعات لە سینەماکان، فیلمی دڵخوازی خۆیان تەماشا دەکەن. خەڵک نە تەنیا پێویستییان بە سینەما و فیلمی کۆماری ئیسلامی نەماوە، بەڵکوو پشتیان لە رادیۆ و تەلەوزیۆن و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەو حکوومەتە کردووە، بە پێی ئاماری تازەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ڕۆژئاوا، سەروی چل لە سەدی 40% خەڵکی ئێران و زیاتر لەوە خەڵکی کورد لە جیاتی ئەوەی بە دیار سریال و فیلمی تەلەوزیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دانیشن، سەیری فیلم و سریالی کوردی، عەرەبی، تورکی و تەنانەت ئورووپی دەکەن.

کۆماری ئیسلامی ئێران ٣٢ ساڵ ملی بۆ "تقاضا"ی خەڵک دانەنواند و ئەوەی "عرضه" کرد کە لە بنەڕەتدا دژی ویست وخواستی خەڵک بووە. وێرانی سینەما لە کوردستان، لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە ئیدی سینەما و فیلمەکانی دام و دەزگاکانی ئیرشادی/عەقیدەتی/سیاسی و بەرهەمی هونەری، فەرهەنگی سەربازانی "تروا[ix]" و موستەشارانی فەرهەنگی و هونەری و سیاسی بە ڕەگەز کورد، بێ کەڵک ماوەتەوە و نیازی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان بەجێ ناهێنێ. ئەگەر سەردەمێک سینەما،

شانۆ، ڕادیۆ، تەلەوزیۆن، گۆوار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی و فارسی کەرەسەیەک لە دەستی حکوومەتدا بوون بۆ لە خۆبێگانەکردنی مرۆڤی کورد و تووانەوەی فەرهەنگی ئەو میللەتە، ئەمڕۆ هیچکام لەو کەرەسانە ئەو دەورە بۆ ئەو حکوومەتە ناگێڕن، هەر بۆیە دەرگای سینەماکان تەختە دەکرێن، شانۆ بە زمانی کوردی و فارسی لە کوردستان بەرەو نەمان دەبردرێ، ڕادیۆ و تەلەوزیۆنی کۆماری ئیسلامی بە هەردوو زمانەکە بێ گوێگر و بیسەر دەمێنێتەوە.

**موزەفەرەدین شا و سینەما سەعدی بۆکان**

موزەفەرەدین شای قاجار بە دیتنی سینەما لە پاریس، دوای گەڕانەوە بۆ ئێران(نوامبری١٩٠٠) ئەمر بە دروستکردنی سینەما لە شاری تەورێز دەدا. "یەکەم هۆڵی سینەما لە ئێران لە شاری تەورێز ساڵی ١٢٧٩ (١٩٠٠) لە سەردەمی موزەفەرەدین شای قاجار ساز کرا، ئەو سینەمایە لە قاتی دووهەمی فێرگەی کاتۆلیکەکانی فەرانسە لە پەنا کلێسەی کاتۆلیکەکان هەڵکەوتبوو، یەکەم ئاپاراتی سینەما دوای سەفەری موزەفرەدین شا بۆ پاریس هێندرایە ئێران و یەکەم سینەمای لە شاری تەورێز پێیدامەزرێندرا[x]." بە پێی ئەو مێژووە تەورێز ٥ ساڵ دوای ئەوەی ئەپاراتی سینەما لە لایەن برایانی لومیرەوە سازکرا، بوو بە خاوەنی سینەما.

بە پێێ نووسراوەیەکی موجتەبا ئەحمەدی یەکەمین سینەمای کوردستان بە ناوی فروهەر لە شاری کرماشان ساڵی ١٣١٠(١٩٣١) سازکراوە، دووهەمین سینەمای ئەو شارە ساڵی ١٣٢٤(١٩٤٥) دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بە ناوی باربەد کراوەتەوە.

دروستکردنی سینەما لە شارەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەت لە مەنتەقەی موکریان دواتر دامەزراوە، بەڵام مێژووی سینەما سەیار لە موکریان و لە شاری مەهاباد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٢٠ (١٩٤١) غەنی بلووریان لە کتێبی سەدەی کارەسات دا ئاوا باسی یەکەم سینەما سەیار و یەکەم فیلم لە مەهاباد دەکات:

" ڕۆژێک ماشێنێکی ئینگلیسی هات سینەما سەیاری هێنابوو بۆ چوارچرای مەهاباد، لەوێ جەنگی بەینی ئاڵمان و ئینگلستانیان نیشان دەدا..... ئێمە ئینگلیسی مان بە دوژمنی کورد دەناسی، چوونکو وا باس دەکرا کە ئینگلیس بوو کە تەقسیمی کوردستانیان کردووە. نەیانهێشت کورد ببێتە شت و بە حکومەت بگا. زۆرتر دژی ئینگلیسی ئیحساساتی ئێمە شەدید بوو، بەو بۆنەوە ئەوەش کە کوتیان ئینگلیسییە و هاتووە نمایش دەدا و ئەوانە معاونی کونسولی تەورێزن، ئێمە هاتین بە دژی ئەوانە دەمونستراسیۆنێکمان ساز کرد. عەکسی ئیستالینمان هێنا و لە سەر ماشێنیمان داناو هاتین بە دەوری چوارچراکەدا گەڕاین و بە دەوری ئەو کابرایەدا. سینەماکەمان قەتع کردو پەردەکانمان دڕاند و پەردەی سینەمامان سەنگ باران کرد. خەبەریان بە قازی محەمەد دا کە جەریاناتێکی وا هەیە قازی محەممەد هات و نەسیحەتی ئێمەی کرد و کوتی ئەوە شەخسییەتێکی خارجییە و هاتوتە وڵاتی ئێمە، دەبێ ئێمە بەرخوردێکی عاقڵانە و نەجیبانە بکەین و نابێ ئەو جورە حەرەکەتانە بکەین و ئەو فیلمە دەدرێ، کێ پێی خۆشە تەماشای بکا و کێ پێی ناخۆشە تەماشای نەکا، بەرخوردی توند مەکەن. ئەمەی ئارام کردەوە بەڵام تەزاهوراتەکەمان کردبوو[xi]."

بۆکان لە سەردەمی موزەفەرەدین شای قاجار و لەو سەردەمەدا کە یەکەم سینەما لە تەورێز و کرماشان ساز کران و هەم لە سەردەمی سینەما سەیاری مەهاباد، شارۆچکەیەکی بچکۆلانە بوو، بەڵام بە هۆی بوونی سەردارەکانی بۆکان لە لایەک و هاتووچۆی خەڵک بۆ شاری تەورێز بێ نەسیب لە پێشکەوتەکانی سەردەم نەبوو، بە پێی گووتنەکان دەبێ یەکەم کامێرای وێنە هەڵگرتن و دووچەرخە (پاسکیل) بەر لە شارەکانی دیکەی کوردستان و بگرە وڵاتی ئێران لە لایەن سەردارەکانەوە هێندرابێ بۆ بۆکان، لە لایەکی دیکەوە شاری بۆکان بە مڵکییەتی کاتی خۆی لە لایەن سەردار "عەلی خان[xii]"وە بە کەسێکی تەورێزی یان کەسانێکی تەورێزی(میرزائاغا و حەبیب پەناهی[xiii]) فرۆشرابوو، ئەوەش

پێوەندی ڕاستەوخۆ و زیاتری بۆکان و تەورێز دەگەیێنێ، دیسان بەشێکی بەرچاو لە سەنعەتکارانی بۆکان ئەگەر جولەکە و ئەرمەنی بنەچەک بۆکانی نەبووبێتن، ئەوە تەورێزی بوون. سەرۆک و بنەماڵەی هۆزەکانی ئیلخانی و بەگزادەی فەیزوڵابەگی دەوری سەرەکیان بۆ بانگهێشت کردنی ئەو کەسانە بۆ بۆکان هەبووە.

ئەو پێوەندییە دواتر لە نێوان خەڵکی بۆکان و تەورێز بە تایبەت تاجرانی بۆکانی کە مامڵاتیان لە گەڵ بازاڕی تەورێز هەبوو، بەربڵاوتر بووە. تەورێز یەکەم شاری گەورەی ئێران بوو کە کوڕ وکچانی بۆکانی بۆ درێژەدان بە خوێندن چوونەتە ئەوێ، بە تایبەت منداڵەکانی تاجر و دەوڵەمەندەکان و ئاغاواتی بۆکان و ناوچەکە. تەوڕێز دەروازەی ئوروپا و قەفقاز بۆ شارەکانی ناوچە لەوانە بۆکان بوو. دروستکردنی سینەما لەشارۆچکەیەکی کەمتر لە بیست هەزار کەسی ئەو سەردەمە، ڕەنگە زۆر هۆی هەبێ بەڵام ئەو پێوەندیانە دەوریان هەبووە. حسێن سەعیدی دەنووسێ: " ئەو سینەمایە وەک لەبیرم بێ سالی (١٣٣٩/١٣٤٠ـ١٩٦٠/١٩٦١) دروستکرا[xiv] ، دوو شەریک بوون، میرزا غفووری ئاشناگر و کابرایێکی تورکی میاندوئاوی بە ناوی سەتار[xv]"



میرزا غەفووری ئاشناگەر کە هەر ئەو خۆشی سەرپەرەستی سینەمای لە ئەستو بوو، پاشان بوو بە خاوەنی سەرەکی سینەماکە. ئەو کەسانەش کە بەشی تەکنیکی کاری سینەماکەیان لە ئەستو بوو هیچیان کورد نەبوون. لە بۆکان ٦٥ ساڵ پاش دروستکردنی یەکەمین ئاپارات، ٦٠ ساڵ پاش یەکەمین سینەمای ئێران و ٣٠ ساڵ پاش یەکەمین سینەمای کوردستان، سینەما سەعدی سازکرا.

**بۆکان دوای قەجەرەکان**

پاش کۆتایی پێهێنان بە حکوومەتی قاجارەکان(١٢٩٩/١٩٢٠) و هاتنە سەرکاری ڕەزاشای قەزاق بە پشتیوانی بریتانییەکان، بەرنامە و حەولی سەرەکی حکوومەتی تازەسازکراوی پەهلەوی پتەوکردنی حکوومەتی ناوەندی و کەمکردنەوەی دەستەڵاتی ناوچەیی و یەک ڕەنگ و یەک شکڵ و فۆرمکردنی ڕواڵەتی خەڵکانی ئێران و داسەپاندنی یەک فەرهەنگ و یەک زمان و یەک ئایین و قەبووڵکردنی یەک شا و یەک خودا بوو.

ئەم سیاسەت و بەرنامەیە بۆ خەڵکانی نەفارس مانای پاشەکشە لە زمان و فەرهەنگ و دەستەڵاتی ناوچەییان بوو. دژایەتیکردن لە گەڵ ئەو سیاسەتە لە لایەن نەتەوەکانی نە فارس لەوانە کوردەکان، کۆمەڵێک شەڕ و کوشتاری خەڵکی بە دەستی ئەرتەش و ژاندارمی ئێران لێکەوتەوە. پاشەکشەپێکردن بە فەرهەنگ و دەستەڵاتی ناوچەیی و سوونەتی، هاوکات بوو لە گەڵ پەرەپێدان بە دروستکردنی مەدرەسە و زانستگا، ئیدارەکانی فێرکردن وبارهێنان، ڕێگاوبان، کێشانی بەرق و ئاو بۆ ماڵەکان، دروستکردنی دەرمانگاو نەخۆشخانە، کارخانە و ڕێگای ئاسن و پەرەپێدان بە سیستمی ئیداریی و دەوڵەتداری.

هەرچەند کوردستان وەبەر ئەم ئاڵوگۆڕییانە کەوت و جگە لە کارخانە و ناوەندی سەنعەتی، مەدرەسە و دەرمانگا و شوێنی فەرهەنگی لێ سازکرا، لە هەمان کاتدا بەشی هەرە زۆری لە سەرکوت و شەڕ و کوشتار وەبەر کەوت. لە درێژەدا سیستمی کۆمەڵایەتی و سوونەتی و فەرهەنگی کوردستان گۆڕانی بەسەردا هات و بە تایبەت ڕواڵەتی شارەکان گۆڕانی بەخۆیەوە بینی.

هەوڵ بۆ گۆڕینی بیچمی عەشیرەیی، فەرهەنگی و داب و دەستوور و دەستەڵاتی کۆنی ئاغاوات و عەشیرەکان  لە ڕێگای تێکەڵکردن و بەشداری ئەوان لە کاروباری دەستەڵاتی ئیداری و حکوومەتی سەردەمی ڕەزاشا و کوڕەکەی بە ئەنجام گەیشت. ئەم ئاڵوگۆڕە شارۆچکەی بۆکانیشی گرتەوە. بە پێچەوانەی هەموو شارەکانی کوردستان شاری بۆکان مڵکی دەوڵەت یان خەڵک و دەوڵەت نەبوو، بەڵکوو ملکی ئاغاکانی ئیلخانی بوو، هەموو دووکانەکانی شار لە خەیابانی کۆنە، شەقامی پەهلەوی  و میراوا و مەیدانی گەنم، قەپان و هەموو گوزەرەکان وەک گوزەری خەیات و ئاسنگەر و دارتاش مڵکی ئاغاوات بوو. بۆ وێنە  دووکانەکانی دەستە چەپی خەیابانی پەهلەوی مڵکی قاسم ئاغا و دەستە ڕاست مڵکی حەمەدەمین ئاغا بوو، هەردوو مەیدان و بازاڕی گەنم بە ناوی قەپانی قاسم ئاغا و قەپانی حەمەدەمین ئاغا دەناسران. کەسێک بە ناوی میرزای حەسار هەموو سەری مانگ بە دووکانەکانی بەری قاسم ئاغادا دەگەڕا و کرێی مانگانەی دووکانەکانی وەردەگرت، دووکانەکانیش بە سەرقوفلی درابوون بە دووکاندارەکان. لەو سەردەمەدا دەوڵەت لە ڕێگای ئیدارەی ماڵیاتەوە کەمتر بۆی دەلوا ماڵیات لە خەڵک وەر بگری.

لەبەر ئەوەی ئاغاوات دەستڕۆیشتوو بوون و مالکی شاری بۆکان، شوێنە گشتییەکان لە لایەن ئەوانەوە ساز کرابوون وەک حەمامی کۆنە، حەمامی حەمەدەمین ئاغا، حەمامی نادر، حەمای کاک ئاغا(کەیخوسرەوی)، ئاشی عەبباسی. هەروەها زەوی هێندێک شوێنی دەوڵەتی پێشکەشی ئاغاوات بوو کە ناوی ئەوانی لە سەر دەنرا وەک مەدرەسەی ئیلخانی. قەڵای سەردار کە مڵکی شەخسی بنەماڵەی سەردارەکانی بۆکان بوو کرابووە دەبیرستان. تەنانەت پادگانی کۆنی بۆکان لە پشت مەدرەسەی شاپوور خانووی یەکێک لە ئاغاکان بە ناوی حەمەرەحیم خانی دادخا بوو.

مڵکدارانی شاری بۆکان دەمڕاستی دەوڵەت و ئیدارات بوون. هێندێکیان پێوەندی ڕاستەوخۆیان لە گەڵ دەرباری شای ئێران هەبوو و لە هەڵسووڕاندنی شار و ئیداراتی بۆکاندا دەوری سەرەکیان گێڕاوە و کەسی یەکەم بوون بۆ  ڕاوێشکاری لە گەڵ حکوومەت. نوێنەرانی مەجلسی بۆکان بە ساڵان، لە ناو ئاغاکاندا دەست بە دەست گەڕاوە و بە پرس وڕا و پشتیوانی ئەوان ڕەوانەی مەجلیس کراون.
هەرچەند بۆکانیش دوور لە ویستی ئەم وئەو لە لایەنی کۆمەڵایەتی و پیشەییەوە بە پێی نیازی کۆمەڵگا بەرەو پێش چووە و کەسانی ناوچەکە و دەرەوەی کوردستان دەوریان لە پێشکەوتنیدا هەبووە، بەو حالەوە ئاغاوات لە سەردەمێکدا سەنعەتکار و شارەزایان لە عەجەمستانەوە بۆ بۆکان و گوندەکان هێناوە وەک میعمار و بەنای خانووبەرە، نەجار و دارتاش، ئاسنگەر و جۆشکار،  وەستای فەڕش و مافوورە، کەرێسکەند، شۆفیر و مەکانیک.

بەشێک لە پیشەکارانی بۆکان  جوولەکە و ئەرمەنی بنەچەک بۆکانی، یان کورد بوون. لە دەورەی محەممەد رەزاشا، دوای ئینقلابی سپی(١٩٦٢) گۆڕانی جیددی بەسەر شار و ئاکتۆرەکانیدا هات. سەرمایەدار و دووکانداری دەوڵەمەند دوور لە بنەماڵەی ئاغاوات لە شارەکەدا پەیدا بوون کە جێگا و ئەرکی ئاغاکانیان گرتەوە و دەوڵەتی مەرکەزیش دام و دەزگاکانی خۆی جێگیر کرد و کۆمەڵگای بۆکان گۆڕانی بەسەردا هات.

لە پرۆسەی گۆڕینی وەزعی کۆمەڵایەتی لە بۆکان ئێمە دوو دەستە دەبینین یەکەم ئاغاوات کە سەردەمێک دەستەڵاتی یەکەم بوون لە هەردوو لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، دووهەم ئەوانەی

بنەچەک ئاغا نەبوون و خەڵکی گوندەکان و شاربوون کە لە ڕێگای کڕین و فرۆشتنی کەل و پەل، بوونە دەوڵەمەندی شار. تاقمێک لەوانە بێ بەری بوون لە سەوادی خوێندن و نووسین. دەستەیەک لە وانە خوێندەوار بوون و پیشەی دووکانداریان هەڵبژاردبوو، ئەو دەستەیە نوێخواز بوون، کەل و پەل و کەرەسەی نوێیان دەهێنا بۆکان کە دەبووە هۆی گۆڕینی شێوەی ژیانی خەڵک.

هەردوو بەشی دەستەی دووهەم، جیاوازی و وێکچوویی خۆیان نیسبەت بە ئاغاوات هەبوو، بەشێک لە دەستەی دووهەم بگرە دژایەتییان لە گەڵ ئاغاوات بەرچاو بووە و لە کات و زەمانی دیاردا تێکهەڵچوونیش لە نێوانیاندا بیندراوە و ڕواڵەتی سیاسی بەخۆیەوە گرتووە، بەڵام لە هەر حاڵێکدا بە هەموو پێوانەیەک ئاغاوات قورسایی خۆیان هەتا ڕووخانی ڕژیمی پەهلەوی لە لای دەربار و حکوومەتی شاهەنشاهی لە دەست نەدا، هەرچەند لە زۆر لایەنەوە بە قازانجی دەوڵەمەندەکان و ماقووڵەکانی شار و دەوڵەت پاشەکشەیان پێکراو قورسایی پێشوویان لە دەستتێوەردان لە کارو باری شار لە دەست دا.

لە پرۆسەیەکدا ئێمە هەم ئاغاوات دەبینین کە لە شاردا وەک دەوڵەمەندی شار نەک وەک ئاغاوات دەور دەبینن و هەمیش دووکاندار و تاجری شار دەبینین کە دەبنە خاوەنی گوندەکان، ئەو گوندانەی کە لە بری قەرز لە ئاغاکان وەریانگرتبوو یان لێیان کڕیبوون.

ئێمە کۆمەڵێک کەس لە پاییزی ساڵی ١٣٥٧(١٩٧٨) لە لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەشدا لە سەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی بۆکان و ناوچەکە بەو ئاکامە گەیشتین کە لە بۆکان هەم بورژوا مەلاک و هەمیش پێچەوانەکەی هەبووە، هەر دوولا لە شار و لە گوندەکان لە باری ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئیدارییەوە دەوریان گێڕاوە.

بەشێک لە دەوڵەمەندەکانی بۆکان لە ڕێگای سەلەمکردن، قەرزوەرگرتنەوە و هەم لە ڕێگای کڕین، دەبوونە خاوەنی بەرهەمی گەنم، جۆ و دانەوێڵە و ڕۆن و کەشک و پێستی مەڕ و ماڵاتی خەڵکی گوندەکانی ناوچە، ئەو کەسانە لەو ڕێگایەوە بوون بە تاجری گەورەی ڕۆن و پێستە و هەموو ئەوانەیان ڕەوانەی شارە گەورەکانی ئێران وەک تەورێز و تاران دەکرد، ئەوانە دەور و ڕۆڵێکی تازەیان لە پێوەندی لە گەڵ بازاڕی شارە گەورەکانی ئێران پەیدا کرد و سەرمایە و چالاکی ئابووریان لە بازنەی تەنگی بۆکان چووە دەر.

لە پرۆسەیەکدا دەوری زۆربەی ئاغاکان بە تەواوی لە شاردا کەم بووە و دەوری دەوڵەمەندی شار کە بە تەنیا دووکاندار نەبوون، ڕووی لە زیادبوون کرد و جگە لە دەوری ئابووری و تیجاڕیی و کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی خۆیان و منداڵەکانیان لە کاروباری ئیدارات و دەستەڵاتی ناو شار ڕووی لە زیادبوون کرد، ئەوان وەک موعتەمدی شار لە لایەن بەرپرسانی ئیداری و حکوومەتییەوە سەیریان دەکرا و تێکەڵ بە کاروباری ناو شار بوون، سەرپەرەستی نەخۆشخانەی بۆکان و بەشداری لە کۆبوونەوەی شارداری(چەشنێک شۆڕای شار) دوو نیشانە بوون بۆ دەوری تاجرانی شار.
سرنجدانە ئەم پرۆسەیە لە دەیەکانی دواتر پاش گۆڕینی ڕژیمی پەهلەوی کە پڕ لە ڕوداوی گرنگ بووە، گۆڕینی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی ناو شارو گوندەکانی لە دوا بووە. لە درێژەی ئەو گۆڕانکاریانە لە دەیەی ٤٠ (١٩٦١) بە دواوە، دەوری سینەما سەعدی بۆکان دەست پێدەکات.

**بۆکان لە سەردەمی سینەما سەعدی**
هەروەک پێشتر باسکرا، کەسانی خوێندەوار کە ببوون بە دوکاندار و خاوەن سەرمایە، دەوری گرنگیان لە شارەکەدا گێڕا. میرزا غەفوور ئاشناگەر کەسێکی خوێندەوار بوو، ئازەری و فارسی باش دەزانی و بەردەوام هاتوچۆی تاران و تەورێزی دەکرد. هەر ئەو زۆر شتی بۆ یەکەمجار هێنایە بۆکان، بۆ وێنە

ئەو نوێنەرایەتی گاز و شیرکەت و کارخانەی کانەدا و پیپسی کۆلای لە بۆکان دەکرد کە لە سینەماش تەبلیغی بۆ دەکرا.
عومەر سولتانی وەفا شاعیر و نووسەر جگە لە هێنانی کتێب و گۆوار و رۆژنامە، بۆ یەکەمجار یەخچاڵ و تەلەوزیۆنی بۆ فرۆشتن هێنایە بۆکان، پێشتر دەبوو ئەو شتانە لە شارەکانی دیکە بکردرێ کە کاری هەموو کەس نەبوو.

لەو بارەوە حسێن سەعیدی دەنووسێ: " لە هەموو زیاتر تەبلیغاتی پێش فیلمەکە بوو کە تەقریبەن ١٥ دەقیقە دەبوو، ئێمە زۆرمان پێخۆش بوو، بە تایبەت قەتم لە بیرناچی تەبلیغاتی یەخچالی ئەرج بوو، کە لە خۆیدا خودی یەخچاڵ شتێکی تازە بوو، بەڵام لە ئاخردا دەیکوت، نمایندگی یخچال ارج در بوکان عمر سلطانی وفا، بە حەدیکمان پێخۆش بوو، کە نێوی بۆکان لە سینەمادایە و باسی کاک عمریش دەکا کە دەمان ناسی، ئێمە هەموو قارەمانانی پێنج قرانی هەستاینە سەر پێ و بە فیتوو و چەپڵە خۆشی خۆمان دەربڕی[xvi]"

عەلی فەرشی (فەرشچی) و قادر فەرشی نوینەرایەتی ساعەتی سویسی ساکۆڕاومیکادۆ، ماشینی کۆمپرێسی گاز، ماز و مۆتۆرسیکلێتی ئیش(ئیژ) و ترۆمبیلی ماسکویچی رووسیان دەکرد، حەمەڕەشیدی محەممەدیان نوێنەرایەتی رۆنی نەباتی "شاپەسەند" و "قوو" ی دەکرد، کەسانی دیکە لە بواری دیکەدا پێشقەدەم بوون. ڕۆخساری شار و ژیانی خەڵک لە ڕێگای بازاڕ و بەرنامەکانی ئیداراتی حکوومەتەوە گۆرانی بەسەردا هات.

بوونی سەروەت و سامان و پووڵ لە دەست تاجرەکانی وەک بنەماڵەی محەممەدیان، کەشاوەرزی، ڕەزایی، سالمی و زەڕین ئەوانی هان دەدا بۆ دروستکردنی کارگا و حەمام و سەهۆڵخانە و ئاش. یەکەم شوێن کە کارخانەی پێگوترا بێ، کارخانەی دۆشاو بوو، کە بەر لە ساڵانی (١٩٦٢) لە لایەن عەلی فەرشی یەوە لە خەیابانی سەقز دامەزرا، لەو کارخانەیە دۆشاوی خورما ساز دەکرا، ئەو کەسەی بە سەر کارخانەکەدا ڕادەگەیی ئەحمەد مەرزەنگی بوو.

کۆڵان و شەقامەکانی بۆکان بە شەقامی سەرەکییەوە هیچی ئەسفاڵت نەبوون، لە ڕۆژانی گەرمی هاوین، شەقامی سەرەکیی شار کە هەموو دووکانەکانی تێدا بوو، لە لایەن کرێکارانی شارداریییەوە ئاوپڕژێن دەکران، تەنیا شوێنێک کە ئەسفاڵت بوو هەر ئەو شوێنە بوو کە سینەما و دوخانیاتی تێدا هەڵکەوتبوو، لە سەر ئەو ئەسفاڵتە منداڵی بۆکان کۆدەبوونەوە و شات( شتێک وەک تەگەری دوچەرخە) یان بە دارێک لێدەخوڕی و کەیفی دنیایان دەکرد.

سەردەمی منداڵی ئێمە ماشێن کە زیاتر جیب بوو زۆر کەم بوو، بە دەگمەن ماڵە دەوڵەمند یان خەڵکی دیکە ترومبیلیان هەبوو، ئەو سەردەمە فەیتوون هەبوو کە خاوەنی ئەو فەیتوونانەش ئازەری و کورد گوتەنەی عەجەم بوون. بەڵام دوای ئینقلابی سپی(١٩٦٢) خێرایی گۆڕان لە بۆکان بەرچاو بوو، بە تایبەت بۆکان بە هۆی دەغل و دان و باخاتی میوە و مەڕ ومالات، ناوچەیەکی دەوڵەمەند بوو، هەر ئەو دەمیش بە عەمباری دەغل و دانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەناسرا.

بنەماڵەی ئاشناگەر لەوانە باوکی میرزا غەفوور لە بواری خۆیدا سەنعەتکار بوو. حاجی خومگەر بە ناوبانگ بوو، ئەو لە ڕاستە خەیابان کە بە پەهلەوی دەناسرا ڕووبەڕووی کۆڵانەکەی قەڵای سەردار کە دواتر بانکی سادراتی لێ سازکرا، دووکانی خومگەری هەبوو. حاجی بەنی ڕەنگ دەکرد و ڕەنگە بەنی هەموو فەرش و مافوورە و بەڕە و جاجم و بەرماڵ کە هەمووی لە خووری مەڕو ماڵاتی ناوچەی بۆکان و شارەکە سازدەکرا، لە دووکانەکەی ئەو و بە دەستی ئەو ڕەنگ کرابێ، حاجی بە شێوە و

دەستووری سوونەتی و خۆماڵی ناوکوردەواری دوور لە بەکارهێنانی مادەی شیمیایی بەنەکانی ڕەنگ دەکرد.

من زۆر منداڵ بووم کە زۆر جار دەچووم و سەیری هونەر و سەنعەتەکەیم دەکرد، نەک سەیری کار و سەنعەتی ئەو بەڵکوو زۆر جار بە دیار کاری جۆلایی جۆلاکانی شار، ئاسنگەر و خەیات و نەجارەکانەوە ڕادەوەستام، بەڵام لە ناو هەموو سەنعەتکارانی ئەو سەردەمە، کاری بێ وێنەی یەکێک لە ئەرمەنییەکانی بۆکان، لە بەر دووکانەکەی دەیچەقاندم. ساڵی(١٣٤١ /١٩٦٢) بە شێوەی نارەسمی لە مەدرەسەی تاڵوار کە تازە سازکرابوو و دوا شوێنی ئاوەدانی بۆکان بوو، دەرسم دەخوێند، کاتی گەڕانەوە لە بەر دەرکی دووکانی ئەو کابرا ئەرمەنییە، کە لە یەکێک لە دووکانەکانی کاکائاغادا (کەیخوسرەوی) بوو، ڕادەوستام و بە سەرسووڕمانەوە چاوم دەبڕیە دروستکردنی تەختەنەرد، شەترەنج و دەیان بەرهەمی دیکە، ئەو وا لە کارەکەی خۆی خوورد دەبووە، ئاگای لە من نەبوو کە سەیری دەکەم.

کاری دروستکردنی سەبیلە و دەمنەش کە ڕەنگە هونەرێکی تایبەت بە بۆکان و مەلا محەممەدی موئەزن بووبێ، یەکێکی دیکە لە عەجایبەکانی ئەو سەردەمە بۆ من بوو. زۆربەی هەرە زۆری ئەو پیشە و هونەرانە کە مۆرکی بۆکانیان پێوە دیاربوو، پاش ساڵی ١٩٦٢ لە ناوچوون، تەنیا لە نووسراوەکاندا ڕەنگە ناویان مابێ، وەک دەمنە دروستکردنی مەلا محەممەد: " دەستی لە نێو جامێك دابوو، قوڕەکەی خۆش دەکرد، هێندێکی لە بەری دەستی دادەنا، تۆزێك کایەی پێدەکرد، ئەوجا وەك پەیکەرسازێکی ماهیر، شکلی پێدەدا، بە دارێکی زەریف وەك نەققاش خەریکی گڵەکە دەبوو، ئەوی دادەنا دارێکی پانتری هەڵئەگرت دیسان خەریك دەبوو، هێندی پێ نەدەچوو، مراوییێک، کەلەبابێك، تاوسێك زیندوو زیندوو لە ناو دەستی دەهاتە دەر، دوای ئەوە دەمنە(مودنە)کە تەواو دەبوو، دایدەنا وشك بێتەوە، پاشان ڕەنگی دەکرد[xvii]"

حسێن ئاشناگەر برای میرزا غەفوور، تەنیا سیمبانی ئیدارەی بەرقی بۆکان بوو. ئەو سەردەمە بەرقی شاری بۆکان لە ڕێگای مۆتۆری بەرقەوە بەرهەم دەهێندرا، مۆتۆرخانەی بەرق لە ڕاستە خەیابان لە خوار مەدرەسەی سەعدی لە خەیابانی پەهلەوی هەڵکەوتبوو، کە دواتر لەوێ گوێستیانەوە و شوێنەکەی کرا بە باشگای وەرزش و شوێنی پینگ پۆنگ کردن. خەیابانەکانی بۆکان یان بەرق و دار چرابەرقیان نەبوو یان بە هۆی کەمی بەرق دایم تاریک بوو، لە بیرمە لە سەردەمی مەجەلەی تەوفیق یەکێک لە برایانی قوریشی یاسین یان حەمەدەمین کاریکاتۆرێکیان لێ چاپ کرابوو، لە کاریکاتۆرەکەدا "دوو کەس بە خەیابانی بۆکاندا دەڕۆیشتن یەکیان بەوی دیکە دەڵێ، ئەرێ دا ئەو شەمچەیە هەڵکە با بزانین بەرقی خەیابانی بۆکان هەڵبووە.
حسێنی ئاشناگەر دایم بە سەر دارچرابەرقەکانی بۆکانەوە دەبیندرا کە خەریکی باشکردن و ساخکردنەوەی سیمی بەرق بوو، لە ئێوارەیەکدا لە هەموو شار دەنگۆ بڵاوبۆوە کە میرزا حسێنی سیمبان بەرق گرتوویە، هەر خەڵک بوون کە ڕایاندەکرد بۆ ئەو شوێنە لە خەیابانی پەهلەوی، کە بە سەر دارچرابەرقەکەوە ڕەق هەڵگەڕابوو. حسێن ئاشناگەر یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە سیمکێشی سینەمای سەعدی بۆکانیش دەوری هەبوو. بوونی سینەما سەعدی یەکێک لە نیشانەکانی گۆڕان لە بۆکان بوو.

**شوێنی سینەما سەعدی**
سینەما سەعدی[xviii] لە سەر ڕاستە شەقامی سەرەکی شار، بەرانبەر بە دوخانیات کە دەکەوێتە باکووری شار و درێژەکەی جادەی عەلی ئاباد و میاندواوە، هەڵکەوتبوو. بە هۆی کێشانی شەقامێکی تازە لە پەنا دوخانیات کە لە لایەکەوە بەرەو سەلاخانە و چۆمی تەتەهوو(سیمینە رود) دادەکشاو لە لای سەرەوەش بەرەو خەیابانی سەقز هەڵدەکشا، سینەماکە لە چوارێیانیکدا هەڵکەوتبوو، لە ڕیزی سینەماکە چەند

دووکان و ماڵ هەڵکەوتبوون، لە ڕیزی سینەماکە ماڵی عەولا شەرەفکەندی، عەبباس حەقیقی شاعیر و ماڵی قووڕەیشی و چەند ماڵێکی دیکە هەبوو، کە ئەو ماڵانەش بەرانبەر بە تاقە پۆمپی بەنزینی شار بوون، بەر و پشتی سینەما هەمووی ماڵ و لە پشت سینەماکەش پارچە زەوییکی چۆڵ بوو. لە دەستی تەنیشتی سینەما، کە دەکەوێتە سەر خەیابانی تازە، ڕووبەرووەکەی چەند ماڵ هەبوو، یەکیان ماڵی "مینەشەمی، بەهرامی[xix]"، شێرخانی کە خۆی و خێزانی موعەلیم و دەرسوێژی مەدرەسەکان بوون، تەنیشت ماڵی ئەوان زەمینێکی چۆڵی عەلی فەرشی و پاش ئەو ماڵی عومەرخانی یەزدانپەنا بوو. هیوا و ئاواتی من ئەوە بوو ئەو زەمینەی باوکم ڕۆژێک لە ڕۆژان بکرێتە شانۆ و ناوەندی فەرهەنگی و هونەری. باوکم دواتر لە نەبوونی مندا بیستبوویەوە کە هیوایەکی وام هەبووە، بەر لە مردن بە ڕەسمی بەڵێنی دابوو، ئەو شوێنە بدرێ بەو کوڕەی، هەرچەند قەت پێیخۆش نەبوو کوڕەکەی ببێ بە لۆتی[xx].

**هۆڵی سینەما سەعدی**
هۆڵی سینەما وەک هۆڵی سینەمای ئەو سەردەمە گەورە بوو کە لە سێ بەش پێک هاتبوو، پێشەوە، نێوەڕاست و پشتەوە، سەر ئەو بەشە باڵکۆن بوو. ژن و پیاو و بنەماڵەکان زۆرتر لەم بەشە یان لە باڵکۆن دادەنیشتن. سەرجەم کورسییەکان ١٢٠٠ دانە[xxi] بوو. هەر بەشێک دوو دەرگای هەبوو، یەک لە دەرگاکان بۆ کاتی تەنگانە بوو، دەنا تەنیا لەو دەرگایانە کەڵک وەردەگیرا کە بە ڕووی داڵانە درێژەکەدا دەکرانەوە. بەشی ئاپارات و تەکنیک لە نهۆمی دووهەم لە ژوورێکی تایبەت بوو. شوێنی فرۆشتنی بلیت، ژوورێکی بچکۆلانەی تەنیشت دەرگای دەرەوە بوو.

"ئەسلی ساختمانەکە، ئاوا بو، لە پێش دەرکە باجەی فرۆشتنی بلیت بوو، بە دوو پلیکان وەسەر دەکەوتی، دەهاتییە ساڵۆنیکی بچووک، لە دەستی چەپیەوە دوو توالیت بوو، هەر لە تەنیشت ئەوەوە باجەیەکی چکۆلەی لێبوو کە توو و شیرنیات و شتیان لێ دەفرۆشت، بە سێ پلیکان وەسەر دەکەوتی لەوێ کونترۆلچی بلیتەکان دانیشتبوو، بلیتەکانی دەدڕاند، سینەماکە سێ بەش بوو، دەرگایێ ئەوەڵ کە دەچوەیە ژوورەوە پێان دەکوت لۆژ و ١٥ قرانی بوو، سەندەلیەکانی ئەرج بوو پێموایە ٥یا ٦ ڕەدیف بوو، دەرکەی دووهەم کە دەچویە ژوور، بە تمنێک بوو، بە دیوارێکی سیمانی کە میتریک بەرز بوو لە بەشی لۆژ و بەشی پێنج قرانی جوی دەکراوە، ئەم بەشە زۆرتر کەسانی بازاری، راننده و بە گشتی کەسانی گەورە کە تمەنیکێان پێدەدرا دەچوون، بەشی پێشەوە پێنج قرانی بوو، زۆربەی منداڵ لەوێ بووین، هەر سێ بەشەکە دەرگای خرووجی بوو بۆ چوونەدەرەوە، ئەگەر شتییک بقەومایە، دەچووە سەر خەیابانێکی خاکی کە دەوروبەری ئەو زەمان چۆڵ بوو، ئەم خەیابانە بۆ سەرێ دەچووە قولە و بۆ خۆرایێ دەچوە سەر تەقتەقانەکان[xxii]"

**سەکۆی سینەما سەعدی**
سینەمای بۆکان بە پێچەوانەی زۆر لە سینەماکان، سەکۆیەکی گەورەی هەبوو، لە دەست چەپ و ڕاستی سەکۆکە دوو ژووری چکۆلە هەبوون کە ژووری پشت سەحنەیان پێدەکوت، سکۆکە بە پەردەیەکی سووری سەرتاسەری لە هۆلەکە جیا دەکراوە، لە پێشەوە لە بەر میچی سەر سەکۆکە چەند پرۆژۆکتۆری گەورە هەبوون، هەموو ئەوانە هۆڵی سینەمای تایبەت بە هۆڵی شانۆش دەکرد. هەموو ڕێ وڕەسمەکانی ئیداری و حکوومەتی بە بۆنەکانی جیاواز لە هۆڵی سینەما بەڕێوە دەچوو، کاری نمایش و شانۆش هەر لەو سینەمایە پێشکەش دەکرا. بۆکان خاوەنی هۆڵی شانۆ، ئیدارەی فەرهەنگ و هونەر، خانەی جەوانان، کاخی جەوانان و هیچ شوێنێکی دیکەی لەو چەشنە نەبوو.

**بلیت**
لەبەر ئەوەی بۆکان چاپخانەی نەبوو، بلیتی سینەما لە دەرەوەی بۆکان، میاندوئاو یان تەورێز چاپ دەکران، بایی بلیتی چوونە ژوور لە سەردەمی ئێمەدا ٥ قران، یەک تمەن و ١٥ قڕان بوو، ئەو کەسانەی کە لەوێ کاریان دەکرد بە تایبەت هەمزە زۆرجار دوو کەسی بە ٥ قڕان ڕێگا دەدا، کۆنترۆڵی

بلیت وەک هەر شوێنێکی دیکە بوو، بەو حاڵە هەڵدەکەوت کە کەسان یان لە ژێر چاو قووچاندنی بەرپرسان یان بە دزیی خۆ بکەن بە ژووریدا.

**کارمەندانی سینەما سەعدی**

ئەوەی هەر لە سەرەتاوە چ کەسانێک یەکەم گرووپی بەرێوەبەری سینەما بوون، لای من ڕوون نییە، بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا واتە ساڵانی ٥٠/١٣٤٩ (٧١/١٩٧٠) بە دواوە ئەو کەسانە لەوێندەرێ کاریان دەکرد، عەلی کە خەڵک پێیان دەکوت "عەلیە شەل"، ئەو بەرپرسی ئاپارات و نیشاندانی فیلم بوو، "هەمزە" کە ئەو بلیت فرۆش و کاری ناو سینەمای دەکرد، پاسەبانێکی خانە نشین بە ناوی "عەسکەرئاغا"، ئەوانە ئازەری بوون. ڕەحمان سەیدە و سولەیمان برای میرزا غەفوور بۆکانی بوون، کە هەم لە ناو سینەما و هەم لە بەشی تەبلیغات کاریان دەکرد. جگە لەو کەسانە زۆر کەسی دیکە لە بەشی گێرانی تابلۆی سینەما کاریان دەکرد.

"کارمەندەکان، هەمزە ، مەشەدی[خانبابا[xxiii]] کونترۆڵچی، [میرزا نەزیر ئەفخەمی[xxiv]]، پێش عەلییە شەل کەسێکی دیکە مۆتۆرچی بوو کە بەداخەوە نیوەکەیم لەبیر نییە، ئەمانە تورک بوون و دارودەستەیَ "سەتار" شەریکە میاندوئاویەکە بوون. سولەیمانی ئاشناگەر برای کاک غەفوور بە خۆی و کراواتە دریژەکەیەوە بلیت فرۆش بوو[xxv]."

کەسایەتی و کاراکتێری هەرکام لەو کەسانەی لە سینەما کاریان دەکرد، جێگای باس و لێدووانە، ئەوان زیاتر لە بینەران کەوتبوونە ژێر تەئسیری سینەما و فیلمەکانی. سولەیمان ئاشناگەر کەسێکی ڕووح سووک و قسە خۆش و جار وبار تووڕە، کاری سەیر و سەمەرەی دەکرد. ڕۆژێک لە بەر دووکانی میرزا غەفوورکە هاوسای دووکانی باوکم بوو، دانیشتبوو. لامپێکی مەهتابی دریژی بەدەستەوە گرتبوو بە ددان دەیکرۆژت و کرمە کرم لە زاریدا هەڵیدەسووڕاند و قووتی دەدا. من کە بە سەرسوورمانەوە چاوم تێبڕیبوو، لێم پرسی کاک سولەیمان ئەو شووشەیە چۆن دەخۆی؟ لە وڵامدا کوتی" ئەوە شووشە نییە، برێشکەی حەزرەتی غەوسە!" سولەیمان ئاشناگەر خۆی بە دەرویش دەزانی و زۆرجار جەزمی دەکرد.

هەرچەند عەلیە شەل لومیر نەبوو، بەڵام میری سینەما سەعدی بوو، کەسایەتییەک کە ئاکار و ڕەفتار و شێوەی قسەکردن و جل و بەرگ و هەڵس و کەوت و دەستەڵاتی لە سینەما، خۆی لە خۆیدا کورد گوتنەی سینەما بوو. ڕووداوەکانی کاتی نمایشی فیلم، فیلمێکی درێژی بێ کۆتایی بوو، نەمانی بەرقی شار بە وتەی بینەران"تێکەوتنی پلیتە" و تاریکە سەلاتی هۆڵی سینەما و هەڵکردنی مۆتۆڕی بەرقی سینەما کە دەنگی ڕۆژەرێیەک دەرۆیشت، سووتانی لامپی دەزگای ئاپارات، داغبوونی ئاپارات و تووانەوەی فیلم و خاوبوونەوەی دەنگی هونەرپیشەکان و پچڕانی فیلم، برین و سانسۆری فیلم لە لایەن خودی عەلیە شەلەوە لە کاتی حەساسی فیلمی سیکسی و جنێودانی بینەرانی تامەزرۆ، تێکەڵبوونی حەلقەی یەک و دووی یەک فیلم و نیشاندانی سەراوبنی فیلم و گۆڕینی کۆتایی و دەستپێکی فیلم، تێکەڵبوونی حەلقەکانی دوو فیلم بە یەکەوە و سەرلێشیواوی خودی عەلی ئاپاراتچی لە کاتی نمایشی فیلمی لەو چەشنە، بەجێهێشتنی ژووری ئاپارات لە کاتی نیشاندانی فیلم و خراپبوونی دەنگ و گیرکردنی فیلم و دەیان ڕووداوی دیکە و فیکە فیک و هەراوهوریا و تانە وتەشەری بینەران لە کاتی وادا، هەر هەمووی نمایش لە ناو نمایش و فیلم لە ناو فیلم بوو. ئاکتۆری سەرەکی و دەرهێنەری ئەم بەزم و نمایش و فیلمانەش"مرد شمارە یک" عەلیە شەل بوو.

**بلیندگۆی سینەما سەعدی**

شتێکی تایبەت کە تەنیا لە سینەما سەعدی بۆکان ماوەیەک هەبوو، بڵیندگۆی بەر دەرگای سینەما بوو، دەبێ ئەوە ئیبتکاری خوودی عەلی ئاپاراتچی بووبێ، کاتی نیشاندانی فیلم، دەنگی هەموو فیلمەکە لەو بڵیندگۆیەوە بۆ خەڵکی دەرەوە لە خەیابان و دەروجیران بڵاو دەکراوە، هەر بۆ ئەو مەبەستە زۆر جار

خەڵک بە تایبەت منداڵ و مێرمنداڵ لە بەر دەرکی سینەما یان لە بەرانبەر سینەما لەوبەری شەقامەکە لە بەر دیواری دوخانیات دادەنیشتن و گوێیان لە چیرۆک و قسە وباسی ناو فیلمەکە و ئاکتۆرەکانی ڕادەگرت. هەر ئەوە خۆی ببووە هۆی ئەوەی خەڵک لە دەوری سینەما کۆبنەوە و چەشنێک قەرەباڵغی ساز کەن و لە خۆیدا تەبلیغاتێکی باش بوو بۆ سینەما، هەرچەند بۆ دەروجیرانی سینەما خۆش نەبوو.

**لە بانگەواز و جاڕکێشان بۆ سینەما سەعدی**

هەرچەند مەبەستی ئەو نووسراوەیە باسکردن لە سینەما سەعدی بۆکانە، بەڵام ئەو باسە گرێدراوی بابەتی دیکەیە کە گەر لێرە باسیان نەکرێ ڕەنگە هیچکات نەگوترێ، هەر بۆیە من باسەکەم لە بازنەیەکی بەرتەسکدا نەهێشتۆتەوە.
بانگەوازکردن، یان جاڕکێشان یەکێک لەو کارانەیە کە لە سینەما سەعدیش دەکرا.

بە هۆی نەبوون و کەمبوونی خوێندن و نووسین هەر لە کۆنەوە لە وڵاتی ماد و پارس و بەر لەوان هەموو شت زارەکی بووە و فەرهەنگ و زمان و هونەر و مێژوو پشتاوپشت گێردراوتەوە، لە سەردەمی مادەکان موغەکان، بەیتبێژ و مێژوونووس بە هەموو سەرزەمینی ماددا دەگەڕان، ئەوان هونەر و ئەدەبیات و مێژووی زارەکی ماددیان پێکدەهێنا.

بانگەوازکردن یان جاڕکێشان لە کۆنەوە لە لایەن کاربەدەستانی حکوومەت و ئیدارەی شار و گوندەکانەوە، لە لایەن دەزگاکانی ئایینییەوە بۆ ڕاگەیاندنی پەیام و خەبەر ئەنجام دەدرا. ئەم باو و نەریتە لە لایەن کاربەدەستانی ئایینی ئیسلامەوە لە کوردستان بەکار هێندرا، بەڵام لە هەر ناوچەیەک بەو شێوەیە کە لە ناو خەڵکدا باو بوو، بۆ وێنە لە زۆر لە ناوچەکان لە دەهۆڵ کەڵک وەردەگیرا یان لە نەقارە کە شەیپوورێکی درێژ بوو کە فووی تێدەکرا و لە هەموو دەورەوکە دەنگی دەهات، نەقارە لێدان بە تایبەت لە سنە بۆ پارشێو و لەخەوڕاکردنی خەڵک بەکار دەهێندرا، لە بۆکان بەر لەوەی مزگەتەکان ببنە خاوەنی بڵیندگۆ، لە گەڕەکەکان جاڕیان دەکێشا و خەڵکیان بۆ پارشێو هەڵدەستاند، یان زۆرجار کۆڵبەرانی هەر دوو قەپانی قاسم ئاغا و حەمەدەمین ئاغا لە لایەن خەڵکەوە پووڵیان پێدەدرا بۆ جاڕکێشان، بۆ وینە کاتێک منداڵێک یان ئاژەڵی خەڵک وون دەبوو.

هاشم ڕەزایی دەنووسێ: "کاتێک کە دەروێش و درویشگەری هاتە مەیدانەوە، هەندێک دەروێش بە تەپڵێکی[دوو تەپڵی چکۆلە کە سێ تەپڵەیان پێدەگووت[xxvi]] بچووک کە وەک پشتێن دەیانبەست و بە دوو تەسمە لێیان دەدا، خەڵکیان هەڵدەستاند بۆ پارشێوکردن[xxvii]".

جاڕکێشان و گەڕان بە ناو بازار و شەقامەکانی شاردا، کارێکی باو لە ناو شار بوو، هەموو ئەو کەسانەی کولێرەی بە تامی شاپەسەند[xxviii]، کەشکی نەقوڵ[xxix]، لوقمە قازی[xxx]، توو، سەرداری، گوڵقەند، ئاردەتوو، قاوت، شەربەتی مێوژە ڕەشە، ئەسکەنجەبین، ڕۆژنامە، بلیتی بەخت ئازمایی، ماسی[xxxi]، مریشک، تەسبێح، کوتاڵ، ڕادیۆ و کەل وپەل، داری دارەڕای ناوماڵ[xxxii] و هەڵوای تەنتەنانی[xxxiii] و شتی دیکەیان دەفرۆشت جاڕیان دەکێشا و هێندێک لەوانە کە دەنگ خۆش و خۆش خوان بوون، بە دەنگە خۆشەکەیان بە سەر کاڵاکەیاندا هەڵدەکوت و کەسانێک لەوانە کە بیرمەند بوون وەک ئەحمەدی کاکەڵا شیعری جوانی کوردیان دەخوێندەوە.

ئەحمەد کاکەڵا کوپەیەکی گەورەی ڕەنگ شینیکی پڕ لە شەربەتی مێوژە ڕەشەی بە چەند قایشەوە بەلا شانیدا قایم دەکرد و لە ڕێگەی شێری وەک شێری سەماوەرەوە شەربەتی بۆ خەڵک لە شەربە دەکرد، بەڵام بە داب و دەستووری خۆی. بەر لە هەر شت جاڕکێشانەکەی وا دەست پێدەکرد:" یا کەریم یا ئەڵا" پاشان بەندێک شیعری کوردی دەخوێند و ئەوجا پەسنی شەربەتەکەی دەدا.

کاک ئەحمەد بە شێوەی تایبەت بە خۆی هەم شەربەتی ساز دەکرد و هەم قاوت، لە بۆکاندا کەس قاوتی ئەوی نەبوو، لە قەپانی قاسم ئاغا دووکانێکی قاوت فرۆشتنی هەبوو، ئێمە چەند کەسێک هەموو ڕۆژێک بۆ خواردنی قاوت و گوێبیستبوونی قسە و شیعرەکانی ئێواران دەچووینە لای. کارەکەی ئەو بۆ من هۆنەرێکی ڕەگ و ریشەدار بوو.

شێوەی کارەکەی ئەو لە ئاستێکی دیکەدا سەییدێکی یەکجار جوانچاکی باڵابەرزی سنەیی ئەنجامی دەدا، ئەو سەییدە کە جل و بەرگێکی یەکجار ڕێک وپێکی کوردی و شەدەی لە سەری دەبەست، هەموو ساڵێک لە کۆتایی هاوین و سەرەتای پاییز لە بۆکان پەیدا دەبوو، سەیید دەفەیەکی یەکجار دڵرفێنی لێدەدا و شیعری کوردی کە زۆربە شیعری مەولەوی تاوەگۆزی بوو، بە دەنگێکی با بڵێم ئەهورایی دەچڕی، نازانم ئەو کەسە کێ بوو ناوی چ بوو، بەڵام خەڵکی بۆکان بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەو هونەرمەندە بێ هاوتایەیان دەکرد و مات و حەیرانی خۆی و دەنگی و دەف و شیعر و جوانچاکییەکەی دەبوون.

سەیید حەسەن و سەییدە چکۆلەی وردەواڵە فرۆش کەم دەنگ و سەدا بوون، بەڵام یەکێکی دیکە لەو دەستفرۆشانە، کەسێکی خەڵکی سەقز، کوتاڵی بە کووچە و کۆڵانەکانی شاری بۆکاندا دەگێڕا و بە دەنگێکی خۆش پەسنی قوماش و پارچەی ژنانەی دەدا و دەیان نێوی لە پارچەکانی نابوو، دادڕەمردم، دەنگی حەسەن زیرەک، چاوی مەلا مستەفا و هتد.... ئەو کەسە باوکی زیندەیاد عومەر بەرایی دەبیری دەبیرستانەکانی بۆکان و سەقز بوو.

هەورامیەکان کە لە بۆکان هەجیجییان پێدەکوتن ئاردەتوو، بووزوو، کاڵە و کەوچکی دار، بنێشتی کوردی و چەقە و زۆر بەرهەمی دەستی ناوچەی هەورامانیان دەهێنا و جگە بە پووڵ بە شتی دیکە دەیانگۆڕینەوە و زۆرجار ئاوا هەرایان دەکرد: *"ئاردەتوو وەخووری و مەوو وە رووحەشکاو"* . من هێندەم ئەو هەوا و تەرکیبی ئەو گوتنە پێخۆش بوو، ببووە دەستمایە بۆم، زۆرجار لە کووچە و کۆڵانەکانی پشت مزگەوتی بازار کە بەرەو خەیابانی سەقز هەڵدەکشا کە شوێنی هاتووچۆی ماڵ و دووکانی باوکم بوو، دەبووم بە هەجیجی و کە خەڵک دیار نەبایە، دەنگی خۆم دەگۆڕی و یەک بەخۆم هەرام دەکرد: "ئاردەتوو وەخووری وەموو وەڕوحە شکاو!" و بۆی دەردەچووم و خۆم مات دەکرد، زۆر جار ژنانی گەڕەکی پشت مزگەوتی بازاڕ سەریان لە پەنجەرەکانەوە دەردەهێنا و بانگی ئاردەتوو فرۆشیان دەکرد. تا ئێستاش کە ئەو دێڕانە دەنووسم کەس نەیزانی ئەو ئاردەتوو فرۆشە، ئەو کوڕە مات و بێدەنگ وبە حەیا و شەرمە بوو، کە ئەوان پێیان وابوو.

یەکێک لەو کەسانەی کە بلیتی بەخت ئازمایی(بلیتی خۆشبەختی) لە بۆکان دەفرۆشت کەسێک بوو بە ناوی ئوروج. هاشم ڕەزایی ئاوا باسی ئوروج دەکا: "ئوروج جیرانی ئێمە بوو، باوکی عەمبال بوو کە لە کارێژی بۆکان لە دەوری فەلەکە چکوولە کاری دەکرد و خوشکێکی بوو بە نێوی قیمەت[xxxiv]."

ئوروج کوڕێکی بە ڕەچەڵک ئازری نابینا بوو، ئەو کە بە کوردییەکی زۆر باش قسەی دەکرد و پێموایە هەر لە دایکبووی بۆکان و منداڵی بۆکان بوو، مرۆڤێکی هەتا بڵێی جێگای ڕێز بوو، ئینسانێکی شەریف و لە بەر دڵان، من پێموایە کەم کەس وەک ئوروج بۆکانی دەناسی، لە هەر ئان و ساتێکدا دەیزانی لە کوێیە و دەیزانی لە بەر دووکانی کێیە، تەواوی کەڵێن و کولێنەکانی شاری دەزانی، جاڕکێشانی ئەو زۆر تایبەت بوو بەڵام بەداخەوە هیچم لە بیر نەماوە.

جگە لەو یەک دوو کوڕی دیکە کە ئەوانیش هەر بە ڕەچەڵەک ئازەری بەڵام لە دایک بووی شارەکە بوون، بلیتی بەخت ئازماییان دەفرۆشت، پێموایە ئەوان بوون ڕۆژانی چوارشەممە کە ڕۆژی "قورعەکێشی" بوو هاوارایان دەکرد" کێ پووڵی دەوێ" زۆر کەس کە بۆ یەکەم جار ڕێگەیان لە بۆکان کەوتبا پێیان سەیر دەبوو، کەسی نابەڵەد وا دەبوو بچن بۆ پووڵ وەرگرتن کە دیارە دەبوو بلیت بکڕن.

ئەو دوو کەسە ڕۆژنامەشیان دەفرۆشت و زۆرجار خەبەری وایان بڵاو دەکردەوە کە لە نێو ڕۆژنامەکاندا نەبوو.

بوونی ئەو کەسانە کە ئیبتکار و خەلاقیەتی ڕۆژانەی خۆیان دەنوواند بۆ من مەیدانی فێربوون بوو. کەسێکی دیکە کە کارەکەی لە گەڵ هەموو کەسانی دیکە فەرقی هەبوو، لاوێکی باڵابەرز بوو بەناوی سەیید برایم، ئەو یەکێک لە لاوانی بۆکان بوو، کە دواتر لە بانکی سادرات دامەزرا و پاشان گوێزرایەوە بۆ بانکی سادراتی ورمێ، ئەو شەربەتی هەنجیری دروست دەکرد و دەیفرۆشت کە تامێکی تایبەتی هەبوو، سەید برایم لە ناوەڕاستی خەیابان کە ئەو دەم هێشتا ئەسفاڵت نەکرابوو و ماشێنی زۆریشی پێدا نەدەهات، ڕادەوەستاو هەنجیری بۆ ئاسمان هەڵدەهاویشت و بە زاری دەیگرتەوە و بەو شیوەیە نە تەنیا بانگەوازی بۆ شەربەتی هەنجیر دەکرد بەڵکو نمایشیشی ئەنجام دەدا، جاری وابوو کاری ئاکرۆباتی تێکەڵ کارەکەی دەکرد.

شەوانی زستان و بەتایبەت شەوانی ڕەمەزان کۆڵانەکانی بۆکان جگە لە دەنگی گۆرانی بێژانی کووچەگەرد و ئاشق دەبووە بازاڕی توو و گولقەندو سەرداری فرۆشتن، ئەوانە شەوان بە کۆڵانەکاندا دەگەڕان و هەرکەس بە هەوای خۆی بانگەوازی بۆ کالای خۆی دەکرد، ئاشقەکانیش بە دەنگی خۆش کۆلانی ماڵە یاریان پڕ لە گۆرانی دەکرد. لەوانەش بترازێ مەیدانی گەنم و دوو قەپانی قاسم ئاغا و حەمەدەمین ئاغا ناوەندی جاڕکێشان بوون.

" هەروەها کە دەرۆیشتم چاوم دەگێرا، هەرا هەرایکم بە گوێ گەیشت، کابرایەك یەك بە خۆی هەرای دەکرد ,, حەوت پوت وسێ سێونیو بۆ کاك حەمە، دیسان دەیکوت ئەوەش نۆ پوت بۆ کاك فەتخوڵا,, دوایە دەیپرسێ,, نووسیت؟,, دەنگێك لە وەڵامدا دەیکوت بەڵێ نووسیم. کە وەزنکردنی گەنمەکان لە سەر قەپان تەواو دەبوو، گورج تایە گەنم بە سەر شانی پیاوەکانەوە دەرفێندرا, دەتکوت موسابقەیە. ئێرە قەپانی قاسم ئاغایە، گەنمی شارو دێهات لێرە و لە قەپانی حەمەدەمین ئاغا کۆ دەبێتەوە، ئەوجا بەرەو شارەکانی دیکەی ئێران بەڕێ دەکرێ[xxxv]."

لەوانەش بەدەر دەنگ و هەرای چزوبزفرۆشەکان، بەرئەڵماسی کوڵاو، بامیە و زولوبیا فرۆشەکانی بەری قەپانی حەمەدەمیان ئاغا لە مانگی ڕەمەزان بوو، کە دەنگ و سەدای تایبەتی بوو. فیناڵی بانگەواز و جاڕکێشان مەیدانی تەرەبار و میوەفرۆشەکان بوو، لێرە هەرکەس دەبوو ئەو پەڕی هونەری خۆی بنوێنێ دەنا لە گەڵ ڕۆژئاوابوون میوە و تەرەبار بە سەر دەستیانەوە دەمایەوە.
ماستفرۆشەکان کە کەرەی بەیانی خۆیان دەگەیاندە خەیابانی کۆنە بێدەنگترین جاڕکێشانی بۆکان بوون:
" کەنیشکێك بە پەنامدا هات، سێ قابڵەمەی ماست لە سەر سەری دانابوو، هەر دووك دەستی لە کەمەری نا بوو، قیت قیت دەرۆیشت، لە جل وبەرگی ڕا وێ دەچوو خەڵکی دێهاتی نزیك شار بێ. وەشوێنی کەوتم. ئەو لە پێشەوە منیش بە دوای دا، لە راستەی ڕێ لای داو بە دەستی چەپدا بای داوە، جەماعەتێکی زۆر لێرە لە سەر تایە جۆ و گەنم دانیشتبون، یان لە عەرزی پاڵیان بە پاڵانەکانیانەوە دابوو. دووتای تەرازوی گەورە بە بن میچ دا هەڵواسرابوون، هەر تای تەرازوو جێگەی شەش، حەوت تا گەنمی دەبووە.
رانەوەستام وەشوێن کچە کەوتم، کۆڵانێکی تەنگەبەر بوو، بەر هەر دووکانێك ئاوپرژین کرابوو، جوان ماڵیبوویان، بۆنێکی خۆش لەم گوزەرەوە دەهات، دەنگی مەکینەی خەیاتی نە یەك و نە دوو، موسیقایێکی خۆشی ئەم بەرەبەیانە بوو. لیباسی کوردی جوان جوان هەڵواسرابون، کڵونجەی ژنان، کەواو پانتۆڵ، رانك و چۆغە، جل و بەرگی ژنان، چارەکە، هەموو چەشنە جل وبەرگێك بەرچاو دەکەوت.
کچ لە شوێنێك دانیشت، قابڵەمە ماستەکانی لە پێش خۆی دانا، لە گەڵ کچەکانی دی کەوتە چاك و خۆشی. دووکانێکی پڕ لە کڵاوی کوردی بەرانبیەری بوو، کڵاوی پیاوان، تاسکڵاوی ژنان، گۆرەوی مەرەز، هەوری وجامانە(ئاغابانو).

خەیاتەکان خەریکی کاری خۆیان بوون، وەستای کارگە لە پشت مێزێکی تەختەیی گەورە کە هەر 30 سانتێك لە عەرزی بڵیند بوو دانیشتبوو، پارچەێکی لە پێش دەست بوو، بە نیومترەکەی دەیپێوا، بە سابونەکەی خەتی دەکێشا و بە مقەستەکەی دەیبڕی، دوو سێ کەس خەریکی ئیشکردن بە مەکینەکان بوون، دوو سێ منداڵیش خەریکی دووگمەلێنان و کون چنینەوە بوون. کوڕە لاوەکەی پشت مەکینەکە لە گەڵ کچە ماست فرۆشەکە هەر چاوەبرکێنەیان بوو، کوڕە پێدەکەنی، کچە وەڵامی دەداوە، مشتەرییەك بە سەر قابڵەمەکانەوە وەستابوو، هەر ئیشارەی بۆ قابڵەمەکان دەکرد، بەڵام کچە هۆشی لە ماست فرۆشتن نەبوو، لە پڕ وەخۆی هاتەوە، بە شڵەژاوییەوە کوتی: حەوتمەن کاکە حەوتمەن. کابرا سەری سوڕما، کوڕە پێکەنی، کچە سەری داخست. چاوبرکێنە دوای فرۆشتنی یەك لە قابڵەمە ماستەکان بە دزە دزە بەردەوام بوو، لەپڕ نیومترەکەی ماموستای کارگەی خەیاتی نێوشانی کوڕەی ماچ کرد، کوڕە دەستی وەبەر دەرزی مەکینەکە کەوت، بە پەلە قامکی لە زاری نا، کچە لێی دا لە قاقای پێکەنین، کوڕە سەری داخست، ماموستا کوتی : خەریکی چی هەتیو؟ کەباب فرۆشەکەی بەرانبەریان بزەێکی هاتە سەر لێوان[xxxvi]."

بازاری حەیوان کە هەفتەی جارێک ئەو سەردەمە ڕۆژانی چووارشەممە بەرپا دەبوو، هەروەک لە ناوەکەی ڕا دیارە، بازاڕی حەیوان بوو، جاڕکێشان لەو مەیدانە گەورە و گرانە کاری هەموو کەسێک نەبوو.

شارەبانی بۆکانیش لەو سوونەتە کۆنەی بۆکان کەڵکی وەردەگرت، هەموو ڕۆژێک کەسانێک بە ناوی محەممەدی پاسەبان و حەمەدەمینی پاسەبان بە بڵیندگۆی دەستی لە ناوەڕاستی خەیابان ڕادەوستان و هاواریان دەکرد ئاغا بڕۆ پیادەڕۆ[xxxvii]. دەنگ و سەدا سیحراوییەکەی مەلا محەممەد موئەزین کە لە مزگەوتی بازاڕ موناجاتی بەرەبەیانی بە زمانی کوردی و فارسی دەکرد، شێوەی کۆنی موناجاتکردنی ناو کوردەواری دەنوواند، سەیر نییە ئەگەر بگوترێ ئەو دەنگ وسەدایەی ئەو و باوکی[xxxviii] و شێوەی موناجاتکردنیان لە موغەکانەوە بە یادگار ماوەتەوە.

هاشم ڕەزایی لە مەڕ بانگەواز و بیهداری بۆکان دەنووسێ: "بۆ وەشاندنی دەرزی دژی سورێژە و مێکوتە و خروێلکە..."، بهداری بۆکان لە بلێندگۆ کەڵکی وەردەگرت بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک، بۆ ئەوەی دایکان و باوکان ئاگادار بکەن کە کاتی وەشاندنی ئەم دەرزییانەیە. کەسێک کە خۆی شۆفیری بهداری بوو بە نێوی کاک جەواد[xxxix] کە دەنگیشی خۆش بوو ئەو کارەی لە ئەستۆ بوو[xl]."

دەهۆڵ و زوڕنای حەمە حسێن لە ناو شار بەرەو جێژنان، بانگەواز و جاڕکێشان بۆ دنیای پاڵەوان بازی و هاتنی پاڵەوان شیرازی، خەلیل عوقاب، پاڵەوانە کوێرە و بەزم و گۆڵمەزی ورچ وەمەیموون هەڵپەڕاندن لە کاروانسەرای کەیکاووس، بەرد لە سەر سینگ شکاندن، ڕاکێشانی ماشین و چوونە ناو بتری شوشەوە لە لایەن پاڵەوانە کوێرەوە، هەمووی لە سەر یەک، بۆکانی کردبووە شارێکی پڕ لە دەنگ و سەدا. لە خۆڕانەبوو کە سینەما سەعدیش بۆ ناساندنی فیلمەکانی پەنای بۆ هونەری جاڕکێشان و بانگەوازکردن بردبوو.

تەختەیەکی چوارگۆشە بە گەورەیی دوو میتر لە میترونیوێک، لە ناوڕاستەوە دارێکی وەک دەستەکی پێمەڕەی لێ قایم کرابوو، هەر دوو بەری ئەو تەختەیە بە وێنە و پلاکارتی فیلمی تازە دەرازاوە، کەسێک ئەو تابلۆیەی لە سەر شان دادەنا و بە خەیاباندا دەگەڕا و هەرای بۆ فیلمەکە دەکرد، جگە لە سولەیمان ئاشناگەر و ڕەحمان سەیدە کەسانی دیکەش ئەو کارەیان دەکرد، بەڵام کەسانێک لەوانە نە تەنیا باسی فیلمەکەیان دەکرد بەڵکوو ئیبتکاری خۆیان بەکار دەهێنا و باسی هونەرپیشەکانیان دەکرد، بە تایبەت ئەو هونەرپیشانەی کە خەڵک خۆشیان دەویستن وەک داراسینگ، فەردین، بەهروز وسووقی، ناسر مەلک موتیعی و کەسانی دیکە.

هێندێک لەوانە بۆخۆیان داستانیان بۆ فیلمەکە ساز دەکرد، دەنگی خۆیان دەگۆڕی و سەرنجی خەڵکیان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا. هێندێک لەو کەسانە هەم بە زمانی فارسی و هەم بە کوردی بانگەوازیان دەکرد. من لەبەر ئەوەی بە تەواوی قسەکانم بۆ ساخ نابێتەوە، لێرە ناتوانم نموونە بەدەستەوە بدەم. ئەو کەسانە کە دەگەیشتنە ناو قەرەباڵغی لە شوێنێک ڕادەوەستان و خەڵک لێیان کۆدەبوونەوە و تەماشای وێنە و پلاکارتەکانیان دەکرد.
من نازانم ئایا ئێستا ئەو شێوەیە لە بۆکان و کوردستان ماوەتەوە یان نا، بەڵام لە ئوروپا ئێستاش لە هەفتەبازاڕ ئەو شێوە بانگەوازە بەکاردەهێنرێت، کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بازاڕەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، لەو بازاڕانەدا چەرچی و کوردی گەڕۆکیش کەل و پەلیان بۆ ئوروپا هێناوە، تەنانەت ئەو دەم گۆرانی و ئاوازی کوردی گەیشتۆتە ئوروپا بە تایبەت  لە ناو ئەدەبیات و هونەری یۆنان و ئاڵمان شوێنەواریان ماوتەوە، بەشێک لەو گۆرانیانە لە سەدەکانی ڕابردوو کراون بە ئاڵمانی کە لە ئەدەبیاتی ئاڵمانیدا ماوتەوە[xli].

**هەندەران و سینەما سەعدی**

سینەما سەعدی کاتێک لە بۆکان سازکرا کە بە دەگمەن لە ماڵان تەلەوزیۆن هەبوو، تەنیا ئامێر و کەرەسەیەک لەو سەردەمەدا بۆ ئاگاداربوون لە جیهانی دەرەوەی بۆکان، ڕادیۆ بوو، کە ئەویش لە هەموو ماڵێک ڕەنگە نەبووبێت، لەو سەردەمەدا سینەما تەنیا ئیمکانێکی گشتی بوو کە دەوری پەنجەرەیەکی هەبوو کە بەرەو ڕووی ئێران و جیهاندا دەکرایەوە، فیلمەکانی ئامریکایی، ئوروپایی، هیندی، ترکی، عەرەبی، ژاپۆنی و ئێرانی بینەری بۆکانی لە گەڵ خۆی دەبرد و فەرهەنگ و شێوەی ژیان و کۆمەڵگای ئەو وڵاتانەی دەگواستەوە بۆ بۆکان، بینەر بە دیتنی هەر فیلمێک لە بازنەی تەنگی ڕۆژانەی ژیان لە بۆکان دەرباز دەبوو، بێنینی هەرچی زۆرتری ئەو فیلمانە کاری دەکردە سەر بیر وهزر و ئاکار و ڕەفتاری منداڵ و مێرمنداڵ و لاوانی شارەکە.
بەردەوامی لە دیتنی فیلم دەبووە هۆی دەرکەوتنی ناکۆکی رەفتاری و هەڵسوکەوت و بگرە فکری، ڕەنگە هەر لەو گۆشە نیگایەوە هێندێک لە بنەماڵەکان چوونی منداڵەکانیان بۆ سینەما بە باش نەدەزانی و بەرگرییان لە چوونیان دەکرد. بەو پێیە بە ڕای من سینەما ڕەنگە لایەنی خراپیشی هەبووبێ بەڵام بە گشتی هاتنی سینەما بۆ بۆکان کارتێکردنێکی گەورەی هەبوو بۆ ئاگاکردنەوەی خەڵک بە تایبەت منداڵان و لاوان. کۆمەڵێک لە باشترین فیلمەکانی مێژووی سینەما کە گێرانەوەی ڕووداوەکانی گرنگی جیهانی لە چوارقوڕنەی جیهان بوو، گوێزرانەوە بۆ ناو خەڵکی بۆکان، بۆ وێنە ڕووداوەکانی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی، بۆ وێنە ڕ ووداوەکانی وڵاتانی روسیە، ئامریکا، جیهانی عەرەب و دەیان ڕووداوی مێژوویی، جگە لە دەیان فیلمی هونەری.
بە کورتی سینەما سەعدی بۆکان دەوری جیددی بۆ کرانەوەی چاو و گوێی خەڵک گێرا.

**بینەرانی سینەما سەعدی**

بینەری فیلمەکانی سینەما هەموو تاقمێک بە تایبەت لاوان و منداڵانی شار و گوندەکان بوون. هێندێک لە بنەماڵەکان دەچوونە سینەما، بەڵام بەشێکی بەرچاو بە تایبەت بنەماڵە سوونەتی و موسڵمانەکان و ماقووڵانی شار سەریان بە سینەمادا نەدەکرد، مەگەر بۆ بەرنامە و ڕێ و ڕەسمەکانی حکوومەتی، هێندێک لە بنەماڵەکان تەنانەت پێشگیریان لە چوونی منداڵەکانیان بۆ سینەما دەکرد. نووسەری ئەو دێرانەش یەکەم جار کاتێک دوای دیتنی فیلم، ئێوارە درەنگان چوومەوە ماڵێ، کوتەکێکی باشم مەیل کرد.
جیا لە بیروباوەڕی هێندێک لە بنەماڵەکان نیسبەت بە سینەما، شوێنی سینەما جێگای هەموو کەس و کۆمەڵە کەسێک بوو، تاریکی ناو هۆڵی سینەما ئیمکانی کۆمەڵێک کاری بێزلێکراو بە پێی بۆچوونی خەڵک و کۆمەڵگای بە لاوان و مناڵان و کەسانی دیکە دەدا، بۆ وێنە سیغارکێشانی منداڵان و مێرمنداڵ و لاوان، یان خۆ ڕازی کردنی کەسان لە کاتی نیشاندانی فیلمی ڕووت. سینەما جێگای بە یەک گەیشتنی کەسان لە هەموو تیپێک بوو، ئەم لایەنە و شەڕو کێشەی نێوان کەسان کە بەردەوام لە سینەما دەکرا،

لایەنی نێگاتیڤی سینەما لە بۆکان بوو کە بە شێوەی بەربڵاو دەنگۆکەی لە ناو خەڵکدا بلاو ببووە، شەڕ و قڕە و هەڵای کەسان لە گەڵ یەک، مەست کردن و هەڵا وهەنگامە سازکردن، ببووە هۆی ئەوەی شارەبانی بۆکان پۆستی بەردەوامی کێشک لە سینەما دابنێ.

هەرچەند سینەما دەوری نگاتیفی هەبوو، بەڵام باری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ناو کۆمەڵگا دەوری سەرەکی لە ڕەفتار و ئاکاری منداڵ و لاواندا دەگێرا. سینەمای ئێران کەرەسەیەک بوو لە دەستی تاجران و ئەوانیش بەر لە هەر شت بیریان لە قازانجی خۆیان و فرۆشی هەرچی زۆرتری بلیتی فیلمەکان دەکردەوە. داستان و چیرۆکی ناو فیلمەکان لە خواست و ویست و هیوای ئەو چین و توێژانەوە سەرچاوەی دەگرت کە زۆرتر دەچوونە سینەما، لایەنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و هیواکانی ئەو چین و توێژانە بە شێوە و فۆرمی جیاواز لەو فیلمانەدا ڕەنگی دەداوە، ئەو چەشنە سینەمایە بە ناوی سینەمای فارسی و کووچە و بازاڕی دەناسرا، لەو فیلمانەدا لایەنی پەروەردە و پێداگۆگی وەدواکەوتوو بوو.

سینەمای هونەری، ڕۆشنگەریی، سیاسی، ڕەخنەگرانە کەمترین خەمی تاجرانی سینەما و بە پێچەوانە خەمی ئیدارەی سانسۆر بوو. بەشێکی کەم لە فیلمسازان و شیرکەتەکانی فیلمسازی، فیلمی بە مەبەست و پربایەخیان ساز دەکرد، ئەو چەشنە فیلمانە بە پێی تەجروبە لە شارە بچووکەکان کەمترین فرۆشی هەبوو.
جیهانی منداڵان و لاوان و جیهانی فەرهەنگی و هونەریی و کۆمەڵایەتی خەڵکانی نە فارس کەمتر ڕەنگی لە سینەمای ئێراندا دەداوە، هەر بۆیە جگە لە لایەنەکانی کە پێشتر باسکرا، داسەپاندنی فەرهەنگی باڵا دەست ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای سینەماوە ئەنجام دەدرا.
ئەو فیلمانەش کە کوردی دەگرتەوە و نیشاندەری لایەنی فەرهەنگی بوو، وەک داڵاهۆ(١٩٦٧) کە بەرهەمی سیامەک یاسەمی، کوڕی ڕەشیدی یاسەمی بوو، بە دەگمەن دروست دەکرا، دەنا فیلمی وەک سادق کوردە دروست دەکرا، کابرایەکی کوردی تۆڵە ئەستێن کە دەگەڕا شۆفیر ببینێتەوە و بیانکوژێ[xlii].

هاشم ڕەزایی لە سەر ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و سینەما لەو ساڵانەدا دەنووسێ: " لە ساڵەکانی ١٣٥٠ وە ئاڵوگۆڕی گەورەی فەرهەنگی لە ئێران هاتە ئاراوە، فیلمی زۆر باش سازدەکرا یان بڵاودەکراوە وەک فیلمی تەنگسیر، کوراوغلو و فارنهایت.... کە ئەم فیلمانەم ساڵی ١٣٥٢ لە تەورێز دیت. فارنهایت[xliii] ...کە لە وڵاتێکدا پۆلیس دەرژانە ماڵان و کتێبیان کۆدەکردەوە و دەیان سووتاند و خوێنەروانیان دەگرت و زیندانییان دەکردن. خەڵکیش لە سەرەتاوە کتێبەکانیان دەشاردەوە و دوایە فێری ئەوە بوون کە کتێبەکان لەبەر فێر بن و حیفزی بکەن تا بەرگری لە فەوتانی کتێب بکەن[xliv]."

هەرچەند سینەما سەعدی بۆکان لایەنی کز و لاوازی هەبوو کە دەببووە هۆی دوور کەوتنەوەی کۆمەڵێک لە خەڵک لە سینەما، بەڵام لایەنی باش و بەکەڵکی سینەما لە شارێکی دوور لە هەر ئیمکان، لە وڵاتێکی وەک کوردستان کە کەمترین بودجەی لە لایەن حکوومەتەوە بۆ تەرخان دەکرا، دەبێ جێگای باس و لێکدانەوە بێ.

**کچان و کوڕان و سینەما سەعدی**
هەروەک باسکرا، کۆمەڵێک لە دایک و باوکەکان پێشگیریان دەکرد لە چوونی منداڵەکانیان بۆ سینەما، بەشێکی بەر چاو بە دزیی بنەماڵەکانیانەوە دەچوون بۆ سینەما، بەڵام کچان بە دزیش بە تەنیا و بە یەکەوە سەریان بە سینەمادا نەدەکرد. هەرچەند لە دەبیرستان کچ و کوڕ تێکەڵ بوون و کچان بەشداری کاری شانۆ و بەرنامەکانی هونەری مەدرەسەکانیان دەکرد، بەڵام من هەتا ئەو ڕۆژەی لە بۆکان بووم نەمبینی کچان بە تەنیا سەر بە سینەمادا بکەن، مەگەر ئەوەی لە لایەن مەدرەسەوە بۆ مەراسمی دەوڵەتی

چووبێتن. "هەندێک کچان بە دزیی دایک و باوکیان لەگەڵ براکانیان دەچوون بۆ سینەما، من ئەوەم لە کچان بیستووە[xlv]"

حسێن سەعیدی باسی چوونی کوڕان بۆ سینەما ئاوا دەگێڕتەوە: "ئێمەی منداڵ چۆن دەچووینە سینەما ، ئێمە ڕۆژانی جومعە دەچووینە سینەما، بە هەر جۆریک بوایە پێنج قرانە شەماڵمان ئامادە دەکرد، بڕێک لە ئێمە کە دەمانزانی مەشەدی ڕشوەخۆرە، ڕادەوەستاین تا فیلمەکە دەستی پێدەکرد، ئەوکات دوو نەفەر جاری وابوو سێ نەفەر بە شەش قران دەچووینە ژووری، ڕەنگە بڵێن جا باشە ئەوە خۆ کۆا لە فیلمەکە حاڵی دەبوون! ئاخر وانەبوو، ڕۆژانی جومعە سانسی یەک ساعەت ١٠ی بەیانی دەستی پێدەکرد، ئێمە بەلانی کەمەوە سێ سانس دادەنیشتین، گیرفانمان پڕ لە کشمیش و توو و نان دەکرد، لە بەینی هەر سانسێکیشدا بۆ خۆمان دەبووینە قارەمانی فیلمەکە، دەبووە شەرەشەقێ سەگ ساحەبی خۆی نەدەناسییەوە، نەشدەترساین، چونکە مەشەدییە پیرە کاری بە کەس نەدابوو، سولەیمان دەهات، بە خۆی و کراواتەکەیەوە، چرای تێدەگرتیین، "وامەکەن دەنا دەرتان دەکەم" دیارە سولەیمان زۆریش لێمان دەترسا، دەیزانی ئەگەر فزوولی بکا پاشان زۆر سیحەتی باش نابێت بەدەستمانەوە، جار جار هەمزە دەهات، دەینەڕاند "مەیکە کوڕە، دەردەکەمەوە، دانیشم بە ئەدەب، خودا بەرق لێدا"، بەڵام هەمزەش دەیناسین، بە زۆربەی بابەکان کە دووکاندار بوون قەرزدار بوو، لەوە زیاتر شوی لێ هەڵنەدەکێشا. زۆر جار ئەو پێنج قرانەشمان بۆ جیبەجێ نەدەبوو، گرووپی ئێمە کە مندالی ئەو گەڕەکە (گەڕەکی نزیک سینەما) بووین، وەک عەبووی قەلەکوویی و ڕەسولی عەبدووڵا نیژاد، و عەزیزی فەرامەرزی و...، دەرکەی پشتەوە بۆ سەر خەیابانی قولـلە، کە دار بوو بە چەقۆ درزێکی تێکرابوو، ئەوەندە دەبوو کە بەشێ لە سەحنەکانمان دەبینی، و بە نۆبە تەماشامان دەکرد[xlvi]"

**بازاری بوورسی سینەما و تاقمانەجووت**

لە بۆکان دیاردەیێکی سەیر ڕەواجی پەیداکردبوو کە ڕەنگە لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئێران وێنەی نەبووبێ، لایەنگرانی فیلمەکانی سینەما وێنەی فیلمەکان کە لە ڕۆژنامەکاندا چاپ دەکرا کۆیان دەکردنەوە و ئاڵبۆمی فیلمیان لێ دروست دەکرد، هەر کام لەو کەسانە کە منداڵ و مێرمنداڵ بوون دەفتەرێکیان هەبوو، وینەکانیان لە ڕۆژنامەکان دەردێنا و بە سرێش دەیانچەسپاند بە لاپەڕەکانی دەفتەرەکەوە.

بەو کەسان دەگوترا فیلمباز، فیلم بازەکان لە دەوری یەکتر کۆ دەبوونەوە و هەر کەس ئاڵبۆمی خۆی بەوی دیکە نیشان دەدا، ئەوانە وینەی فیلمەکانیان لە گەڵ یەک دەگۆڕییەوە. کەسانێک وێنەی فیلم و ئاکتۆری تایبەتیان کۆ دەکردەوە و بەو جۆرە وێنەیان دەدا و وێنەی دڵخوازیان وەردەگرت، بۆ وێنە لەو ساڵانەدا فیلمەکانی داراسینگ و بروس لی زۆرترین لایەنگری هەبوو، زۆر جار وێنەکان دەکڕدران و دەفرۆشرانەوە، سەیر ئەوە بوو ڕۆژنامەی کەیهان و ئیتلاعات بە دوو قڕان بوو، بەڵام وێنەی فیلمی داراسینگ هەتا پینج قڕان قیمەتی دەکرد، لە گەڕەکی ئێمە دوو فیلمبازی پسپۆڕ هەبوون یەکیان کاک حەسەنی[xlvii] برام و دووهەمیان کەسێک بە ناوی مستەفا بوو، کە پێموایە دواتر بوو بە فێرکاری فێرگەکانی بۆکان. ئەو مستەفایە بۆ یەک لە وێنەکانی داڕاسینگ پێنج ٥ قڕانی لە براکەم وەرگرت.

بازاری بورسی ئەو وێنانە نە تەنیا هەر دەم گەرم بوو، بەڵکوو چەشنێک ڕابواردن بوو، ئەم بازاڕە لە کاتێکدا پەرەی ساندبوو کە لە شاری بۆکان هیچ شوێنێک بۆ منداڵان و لاوان بۆ ڕابواردن و کاری هونەریی و فەرهەنگی و وەرزشی نەبوو. من نازانم بازاری بوڕسی سینەما لە بۆکان چی بەسەر هات. بەڵام ڕەنگە ئەو حەز و خولیایەی کاک حەسەنم یەکێک لەو هۆیانە بووبێت کە ئەوی لە تەمەنێکی کەمدا هەڵداشت بەرەو تاران . هەرچەند ئەو دۆستی نزیکی بەشێک لە ئاکتۆڕەکانی سینەمای ئەو کاتی ئێران بوو و تەنانەت من لە ڕێگای ئەوەوە لە گەڵ چەند ستۆدیۆی فیلم لە تاران ئاشنا بووم، بەو حاڵە ئەو هیچکات نەکێشرا بۆ ناو سینەما و ئاڵبۆمەکانی سەردەمی مێرمنداڵیشی جگە لە زیانی ماڵی، هیچ سوودێکی بۆی نەبوو.

هاشم ڕەزایی باس لە بابەتێک دەکا کە هەم چەشنێک ڕابووواردن و حیسابکردنە و هەمیش سەلماندنی کارتێکردنی سینەما لە سەر منداڵانە: "ئەو فیلمانەش وا کۆن دەبوون دەکرانە لەتی بچووک کە لە قابغە شەمچە بچووکتر بوون و ئێمەش تاق یان جووتمان پێدەکرد. تاق یان جووت ئاوابوو کە یەکێک پڕ دەستی دەکرد لەم فیلمانە و و لایەنی دیکە دەبوایە هەڵبیدایە کە ئایا کۆی فیلمەکان تاقن یان جووت. هەندێک جار فیلمەکان بەیەکەوە دەنووسان و دەبوونە هۆی فێل و فەرج[xlviii]".

**نمایش، شانۆ و سینەما سەعدی**

حسێن سەعیدی ئاوا باس لە ڕۆژەکانی سەرەتای سینەما لە بۆکان دەکات: "یەکەم فیلمی سینەما سەعدی "ئەمیر ئەرسەلانی رۆمی و قەڵای سەنگباران" بوو ، کە وەبەر نەدەکەوەت، هەر لەو کاتانەدا یەکەمین فیلمی ناسری مەلک موتیعی هات بە نێوی "دختر چشمە "کە زۆرمان پێخۆش بوو.[xlix]"

هاشم ڕەزایی دەنووسێ: "یەکەم فیلمی کە لە بۆکان دیتم ناوی " عقابها بە پرواز در میایند یان عقابها بە آشیانە بر میگردند[l]" [وقتی لک لکها پرواز می کنند[li]]بوو. ئەوەش بڵێم کە چەند ئاکتەرێک بوون کە دەیان گوت کوردن و ئێمەش تعصبی تایبەتیمان بۆیان بوو کە بەداخەوە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە، وابزانم سوسن کرمانشایی یەکێک لەوانە بوو ئەگەر هەڵەم نەکردبێت[lii]".

حسێن سەعیدی کە خۆی یەکێک لە دەورگێڕەکانی نمایش لە بۆکان بووە بە وردی باس لەو ڕۆژانە دەکات: "یەکەم نەمایشی بۆکان کە لە سینەما کرا گرووپی ئێمە بووین، بەرنامەکە ئاوا بوو: سەربازی جانباز، لە نووسینی کاک سولەیمانی کەریمی کە مامۆستای وەرزشی بۆکان بوو. ئەم بەشە زۆر جیددی بوو، داستانەکە ئەوە بوو کە سەربازێکی ئێرانی لە شەردا دەگیرێ، سەحنەکە بەوە دەستی پێدەکرد، لە وەتاغێکی نیوە تاریک، کەسێکی نیوە رووت، شەرواڵێکی سەربازی لە بەردا، لەسەر سەندەلییەک دانرابوو و دەستی لەپشتیەوە بەسترابوو، شکنجەگەرێک بەسەریدا دەینەڕاند و پرسیاری لێدەکرد، منقەڵێکی ڕەژی سوور هەڵگڕاو و شیشێکی سوورەوە بووی تێدابوو.
شکەنجەگەر "غەفووری حاجی غەفووری" بوو، پاش وتووێژکی نیوانیان و ئەوەی کە ئەسیر دەیکوت = من ئەگەر لەتلەتم کەن رازتان لا نادرکێنم = جەلاد شیشی سوورەوە بووی هەڵگرت و نای بەپشتی ئەسیرەوە، بۆنی گۆشتی سووتاو و بۆکروز و هاواری ئەسیر کە دەیکوت= زندەباد ئێران= بەرز بووە و پەردە دادراوە.
خەڵکێکی زۆر دەگریان، ئەمما ئێمە چیمان کردبوو، کیلۆیەک گۆشتمان لە پشتی ئەسیر بە چەسپی نەواریی قایم کردبو، کە نەتیجەکەی زۆر باش و واقعی دەرچوو، دیارە کاک سولەیمان پشتی کەمێ سووتا، گەرما لە سەر گۆشتی مەرەوە دابوویە پشتی ، لە پشت سەحنە بە زندەیاد غەفووری گوت ئاخر حەیوان بۆ ئەوەندەت ڕاگرت! غفوور بە پێکەنینەوە گوتی، وەڵا کوتم با ئیجگاری بیبرژێنم بۆ خۆاردن.
بەشی دووهەم نێوان پەردەیەکی "محەممەدی عابدینی" بوو، کە لە دێوە هاتبووە بۆکان، کەڵەبابێکی پێبوو بۆ فرۆش، بەراستی شتی ئاوا خۆش هەر نەبوو. نێوانپەردەی گۆرانی "جوجی ئێرانی و دولبەری فەتحی" ئیجرایان کرد و گۆرانیەکە "ئامان و لەیلێ بوو کە زۆر جوانیان دەکوت.
بەشی ئەخلاقی و نیوە کومەدی ، نووسراوەی "حسێن مردابەگی" لە ژێر ناوی "باد آوردە را باد می برد"، باسی ددانسازێکی تەماح کار بوو کە فێڵی لە خەڵک دەکرد و پوڵی زۆری لێدەستاندن، چەند کەسایەتی جێاواز دەهاتن بۆ لای، من ئاخر کەس بووم لە دەوری عەربێکدا، کە لە ئاخردا بێ ئەوەی ددانساز ئاگای لێ بێ هەموو پارەکەم لێ دەدزی.

بەشی کۆمەڵایەتی، ناوی "عاقبەتی جنایەت و خەراپی" لە نووسێنی کاک سولەیمان کەریمی بوو.
جنایەتکار حەریری (مستەفا یان عوسمان؟)، کاراگاە ئەحمەدی، ئەوانی دەکوژران من و حەمەی ئازەری بووین.

نێوانپەردەی گۆرانی، لەلایەن "حەمەی ئازەری و زندە یاد ئەحمەدی جەعفەری" بوو، گۆرانییەکەش ئەی موتریبی حەریفانی تاهیر توفیق بوو.
ئاخرین بەش کومەدی بوو کە "عوسمانی فەتحی و حاجی غەفووری و حسێن دێهبەندی" ئیجرایان دەکرد ، باوەر کە خەلک خەریک بوو میز بەخۆدا کەن، ئەم شانۆیە یەکەم شانۆ بوو، کە سێ رۆژ لە سینەما نمایش درا، پاش هەموو خەرجی ئەو دەم ١٠٠٠٠(دەهەزار) تمەنمان بۆ ماوە کە درا بەکتێب و یەکەمین کتێبخانەی دەبیرستانمان پێدانا، کە ساڵێک من مەسئولی بووم ، پاشان من چوومە ورمێ بۆ خۆێندن . تا ئەوە کاتەی من لە بۆکان بووم لە دوو نمایشی دیکەدا بەشدار بووم یەکێیان وەک لە بیرم بێ داستانی کاوە و زوحاک بوو[liii]."

سینەما سەعدی تەنیا هۆڵ لە شاری بۆکان بۆ نمایشی فیلم، نوواندنی شانۆ و هەر بەرنامەیەکی دیکە بوو. بەرپرسانی شار بە بۆنە و بیانووی جیاواز خەڵکیان لەو هۆڵە کۆ دەکردەوە، مەبەستی سەرەکی بەسەرا هەڵگوتنی حکوومەتی شاهەنشاهی بوو.



" چەشنێک نمایش بە ناوی نمایشات ملی و میهنی لە رۆژانی، چواری ئابان، شەشی بەهمەن، 28مورداد، 23 ئەسفەند، ٢١ ئازەر پێشکەش دەکران. ئەم چەشنە نمایشاتە دەبێ لە ساڵانی 1951زاییني بەو لاوە دەستی پێکرابێ. چ کەسانێك دەستپێشخەر بوون تەواو روون نیە. ئەو کەسانەی هەتا ساڵی1972ناویان هاتووە ئەمانەن، غەفور حاجی غەفوری، حوسێن مرادبەگی، محەمەد ئازەری، ئەبوبەکر غەفوری، حوسێن سەعیدی، عەلی جەلالی، حوسێن دێهبەندی، عوسمان فەتحی، جەوادی جەواهیری(خەلکی سابلاخ)، ماجد حەمزە (خەلکی سەقز)، خالید رەزایی، محەمەد ئەمین [مینە] شێرخانی، رەشید ئازادیخواه، حوسین مەلەك پوور، مەحمود وەیسی، محەمەد کەریمی، نادر قادری، جەعفەر مەردانبەگی، مەنسور فەروخی، عەزیز مەردانبەگی، جوجی ئێرانی، دولبەر فەتحی، عەبدوڵا ئەمینی، فەتاح ئیسماعیل پوور، فەتاح سورخی، حوسێن سەرکار، عوسمان ئیسماعیلی، مەنسور حەلەبی، ئەحمەد سامبەگی، یۆسف وەتەن پەرەست، جەعفەر شەکەرانی، فایق ئادەمی(خەلکی سەقز)، محێدین کەریمی و کەسانی تر!

بەرنامەی ئەم جێژنانە بریتی بووە لە گۆرانی، شیعرخوێندنەوە، نمایشی کۆمێدی و ,,میللی ومیهەنی,, ! ماقووڵەکانی شارو حکومەت بە کارتی دعوەت و کارتی هیمەتی عالی(بە پێی هیمەت پارەدان) بانگ دەکران و لە ریزی بەرەوە دادەنیشتن. کەسانی تر وەك خەلکی ئاسایی و قوتابیان گەرەك بوو 5قران یا تمەنێك بابەتی بلیت بدەن! بەڕێوەبەرانی ئەم بەرنامانە کەسانێك بوون وەك فایق ئادەمی(مامۆستای دەبیرستان)، مەحمود حیسامی (بە ناوبانگ بە مەحمود قشقەڵە، ماموستای دەبیرستان خەڵکی مەهاباد)، سیروس تەوفیق(دەبیری شیمی و رییسی دەبیرستان خەڵکی مەراغە) و رەشید ئازادیخواه(دەبیری ئەدەبیات و جێگری رییسی دەبیرستان،یەك لە بەرپرسانی حیزبی پان ئیرانیست و حیزبی رەستاخیز) کە نووسەری زۆربەی زۆری نمایشەکان بوو، وەك ,, خون و خاك,, ئەمەیان لە ئارشیوی مندا هەیە!

لە بۆکان تیپی شانۆ لە گۆرێدا نەبووە، هەر ساڵ کەسانێك لە لایەن بەرپرسانەوە یا لە لایەن ,, حیزبی پان ئیرانیست,, و پاشان ,, حیزبی رەستاخیز,, ەوە هەڵدەبژێردران و یا خۆیان دەچوون داوای هاوکاریان دەکرد. ئەم کەسانە ئێواران دوای دەرسی رۆژانە لە یەکێك لە هۆدەکانی مەدرەسە تەمرینیان دەکرد. ناوەرۆکی ئەم نمایشاتە پێداهەڵگوتن بووە بە سەر فەرهەنگ و مێژوو و حکومەتی شاهەنشاهیدا.

کورد لەم نمایشاتانەدا بە جل وبەرگی کوردی و خەنجەر لە بەر پشتین بە ناوی ,, غەیور,, و ,,مەرزداری,, بە ڕەگەز ئێرانی نیشان دەدرا کە بە زمانی فارسی هەستی ئێرانی بوون و شاپەرستی خۆی دەردەبڕی و لە لایەن بینەرانەوە بە چەپڵەرێزان پێشوازی دەکرا!!؟؟

زۆرجار تەرمی ئەم مەرزدارە غەیورانە لە بەرانبەر هێرشی دوژمندا کە ئەوانیش گەلێك جار هەر کورد بوون دەکەوتە سەر تەختەی شانۆ کە لێرەدا ماقوڵەکان دەستیان دەکرد بە چەپڵە لێدان !! هێندێك جار کاری بەپێز لە لایەن کەسانیکەوە وەك خالید رەزایی، محەمەد ئەمین [مینە] شێرخانی، غەفور حاجی غەفوری، حوسێن مرادبەگی و کەسانی ترەوە پێشکەش دەکرا کە دور لە نمایشاتی ,, میللی و میهەنی,, بوون وەك ,,ماشین مشتی مەمدەلی,, ، ,, ژیانی فیردەوسی توسی,, و یا دیکلەمەی شیعری ,, ئارەشی کەمانگیر,, سیاوەش کەسرایی. دەورگێرانی نمایشاتی کۆمێدی ئەم کەسانە بوون: حوسێن مەلەك پوور،عوسمان فەتحی، ماجد حەمزە، جەواد جەواهری، محەمەد کەریمی و کەسانی تر! بابەتەکان یان ژیانی رۆژانەی خەڵکی دەگرتەوە یان گاڵتە بە خەڵك کردن کە نەوعێك گاڵتەجاڕی بوو، جاروباریش لە چوارچێوەی هەواڵ بڵاوکردنەوەی تەلەویزیۆنی دا بوو، گۆرانی کوردی و فارسی پێشکەش دەکراو شیعری فارسی بۆ عەزەمەتی بنەماڵەی پەهلەوی دەخوێندرایەوە[liv]."

بەم پێیە جگە لە نمایشی فیلمی ئێرانی و بیانی لە ساڵدا چەندجار بەرنامەی لەو چەشنە بەڕێوە دەچوو. دوای پێکهاتنی "گروە تئاتر جوان بوکان، سینەما سەعدی بوو بە شوێنی نمایشی شانۆ ئەمەش بە نمایشی " پسر خاک" دەستی پێکرد.

" ئەم شانۆیە لە سینەما پێشکەش کرا، هەر جار 1500کەس بینەری بوون، ئەم جارە جگە لە کرێکارو جوتیارو بازاری وماموستاو قوتابی و گوندی و شاری، ماقوڵەکانیش هاتبوون. شانۆ بە زمانی فارسی بوو، بەڵام رۆح و ئاکار وباس و رووداوەکان، جل وبەرگ، شوێنی رووداوەکە هەمووی پێوەندی بە کوردو کوردستانەوە بوو. شوێنی تەمرین کردن لە فێرگەی ,,نوبنیاد,,(مدرسە نوبنیاد) لە گەرەکی بازاری حەیوان بوو!

کوڕی خاك لە مانگی خەزەڵوەر 1354(1975) پێشکەشکرا. نووسەر و دەرهێنەر عومەری حەمیدی بوو. ئەم شانۆیە لە شارەکانی بۆکان و مەهاباد پێشکەش کراو پێشوازی فرەی لێکرا، لە بۆکان لە هۆڵی سینەما سەعدی 3000کەس دیتنیان کرد، لە مەهاباد لە ماڵی لاوان(خانە جوانان) لە شەوێکدا 300کەس بینیان!

کاری دیکۆر و گریم و لیباس لە لایەن تیپەکەوە بە گشتی ئەنجام درا. دیکۆر گوندێکی نیشان دەدا، جل و بەرگ کوردی بوو. کەسەکان: دەستەی یەکەمی منداڵەکان ڕەزا شەمامی, ڕەزا ئیسافی, عەلی ئازەرگوشەسپ. دەستەی دوو: عەلی و ڕەحمان ئازەرگوشەسپ. (شێت)فەتاح ئیسماعیل پوور، (عەلی)عومەر حەمیدی، (ئەحمەد) برایم فەڕشی، (عەزیز) کەماڵ عەبباسی، (ئاخوند) جەعفەر ڕۆستەمی، (رەحیم) کەماڵ بەهرام وەند .

کوڕی خاك لە فستیواڵی شانۆ لە شاری مەهاباد لە نێوان ئەم تیپانە دا: تیپی شانۆی فەرهەنگ وهونەری مەهاباد، تیپی رادیۆتەلەوزیۆنی مەهاباد، تیپی شانۆی ئازاد بۆکان، تیپی هەڵپەرکێی شاری مەریوان باشترین پلەی وەدەست هێنا .
ماوەیکی کورت پاش پێشکەشکردنی ئەم شانۆنامەیە زۆر کەس لە ناوچەی بۆکان و سەقز گیران. لەوانە عومەر حەمیدی. ترس کەوتە دڵی زۆر کەس وهەروەها ناو تیپەکە. هێندێك کشانەوە، کەسانێك کوردستانیان بەجێ هێشت، ئەم جار کەس خۆی نەدەکردە خاوەنی تیپەکە[lv]!

هاوماڵبوونی شانۆ و سینەما لە هۆڵی سینەما سەعدی لەو سەردەمەدا شانسێکی گەورە بوو هەم بۆ شانۆ و هەم بۆ سینەما. شانۆ بەرهەمی لاوانی شار بوو، لە مەدرەسەکان ئەنجام دەدرا و بەشێک لە کاری مەدرەسە بوو، هەر بۆیە دژایەتی ئەوتۆی دژ بە کوڕان نەدەخوڵقاند بە پێچەوانەی سینەما.
جگە لە سینەما سەعدی یەکەم شوێن کە بۆ مێژووی شانۆی بۆکان کەڵێک گرنگ بوو، کتێبخانەی شاری بۆکان لە پارکی کودەک لە تاڵوار رووبەڕووی مەدرەسەی شاپوور بوو. ئەو کتێبخانەیە یەکەم شوێن بوو کە یەکەم شانۆی سەردەمیانەی بە ناوی "حفره" لە نووسینی ناسر ئیرانی تێدا پێشکەش کرا. نازانم ئەو شوێنە ماوە یان ئەوێش وێران کراوە، ئەگەر وێران کرابێ، جێگای داخ و بیرلێکردنەوەیە.
هیوادارم هۆڵی دەبیرستانی کەماڵ( کورش کبیر) مابێ. ئەو هۆڵە یەکەم هۆڵی شانۆی شاری بۆکان بوو کە لە سەر ئەرک و زەحمەتی ئاغای ڕەسوڵ پەناهی رئیسی ئیدارەی "آموزش و پروش بوکان" ساز کرا. ئاغای پەناهی کە خەڵکی شاری سەردەشت بوو بە دروستکردنی ئەو هۆڵە خزمەتێکی گەورەی بە شاری بۆکان و شانۆ و هونەر و ئەدەبیات کرد.
ئەو هەر لە سەرەتای دروستبوونی تیپی شانۆی لاوی بۆکان، پشتیوانی گرووپەکە بوو، هەر ئەو دەبووە هۆی لابردنی کۆسپ و تەگەرەکانی کە دەهاتە سەر ڕێمان. ئاغای ڕەسوڵ پەناهی پاش بینینی شانۆنامەی "حفره" و پاشان " بالّته"ی گۆگۆل بەڵێنی بە ئێمە دا کە هۆڵی شانۆمان بۆ دروست بکات، ئەو بەڵێنەکەی بردە سەر و یەکەم شانۆنامە کە لەو هۆڵە پێشکەش کرا، شانۆنامەی " سگی در خرمن جا" لە نووسەری کوردی کرماشان "نوسرەتوڵا نەویدی" بوو.

ئەو هۆڵە لە ساڵی ١٣٥٧ لە کاتی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە بۆکان بوو بە ناوەندی "ئەنجومنەی عیلمی و ئەدەبی" بۆکان، ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی لەو هۆڵە بەرنامەی هونەری، شانۆ و سمینار و شیعرخوێندنەوە بە زمانی کوردی بەڕێوە دەچوو، ئەنجومەنی عیلمی و ئەدەبی لە پاییزی ساڵی ١٣٥٧ پێک هات و هەتا ڕووخانی رژیمی پەهلەوی بەردەوام بەرنامەکانی لەو هۆڵە بەڕێوە دەبرد. ئەگەر هۆڵی کتێبخانە یەکەم شوێن بۆ پێشکەش کردنی شانۆ لە بۆکان بووبێت، ئەگەر سینەما گەورەترین هۆڵی سینەما و شانۆ و یەکەم شوێنی نمایشاتی میللی و میهەنی و شوێنی هێرش بۆ سەر فەرهەنگ و هونەری کوردیی بووبێت، ئەوە هۆڵی دەبیرستانی کەماڵ یەکەم شوێن بۆ شانۆ و ئەدەبیات و هونەر بە زمانی کوردی و گەڕانەوە بۆ خۆ و ناسنامە کوردی بوو. هیوادارم ئەو هۆڵە زیندوو بێ.

**سووتان و کۆتایی سینەما سەعدی**
یەکێک لە گرفتەکانی سەرەکی سینەما سەعدی لە کاتی ساردوسڕی زستاندا، مەسەلەی گەرمکردنی ئەو هۆڵە گەورەیە بوو، لەو سەردەمەدا شتێک بە ناوی شوفاژ یانی سیستمی گەرمکردنی سێنترال ناوەندی لە بۆکان بوونی نەبوو، سینەماش بۆ گەرمکردنی هۆڵەکە لە هەر بەشێک کورەی نەوتی دانابوو، کورەی نەوتی زۆر ئاسایی کە زۆرجار لە کاتی شەڕ و هەڵا وپێکدانی کەسان لە گەڵ یەکتر دەکەوتە بەر شەقی ئەو کەسانە، جا ئەو کەسانە ڕەنگە لە حاڵەتی مەستیدا بووبن یان حاڵەتی ئاسایی، جگە لەوە جاروبار کورەکە بە هۆی دەستتێوەردانی ئەم و ئەو گڕی دەگرت و جار جار دەبووە هۆی بڵێسە ساندنی ئاگر و بگرە سوتانی دیواری سینەما. ئەوەی دواجار سینەما چۆن ئاوری تێبەربوو و هۆی چ بوو بۆ هەمیشە دەرگای تەختە کرا، پرسیارێکە دەبێ بەرەوڕووی ئەو کەسانە بکرێتەوە کە ئاگاداری کارەساتەکە بوون.

هەرچەند لە کاتی نووسینی ئەم دێڕانەدا نە خاوەن سینەما ماوە و نە سینەماکە، من وەک تاکە کەس منەتباری هەموو ئەو کەسانەم کە سینەما سەعدی بۆکانیان ئاوەدان کرد و بە ساڵان لەو شوێنە ئەرک و کارەکانیان ڕادەپەڕاند، زۆر زۆر بەداخیشم کە یەکەم شوێنی بەکەڵکی هونەریی و فەرهەنگی شاری بۆکان " سینەما سەعدی" وەبەر گڕی ئاور کەوت و بۆ هەمیشە وێران کرا. سینەما سەعدی زۆر جار گڕی ئاگر جەستەی سووتاندبوو بەڵام هەموو جارێک برینە ڕەشەکانی سارێژ دەکران و جل و بەرگی نوێی بەبەردا دەکرا و بە کورسی تازە دەڕازایەوە بەڵام لە دوا ئاورتێبەربووندا بۆ هەمیشە پلیتەکەی

کوژایەوە و هەموو ئەو کەسانەش کە خزمەتیان دەکرد بۆکانیان بەجێ هێشت، کێ مردوو و کێ زیندوو نازانم بەڵام ئەگەر هەر کام لەو کەسانە بە تایبەت عەلی ئۆپێراتۆڕ (عەلی یە شەلی عەجەم) ئەگەر زیندووبێ جێگای خۆیەتی لە لایەن فەرهەنگ دۆستانی بۆکانەوە سۆراخی بگیردرێ و جگە لە ڕێزگرتن بە گفتگۆ لەگەڵیدا بەشێک لە مێژووی فەرهەنگی شارەکە کە لە جەستەی سینەما سەعدییدا شاردراوەتەوە، زیندوو بکرێتەوە، خۆ ئەو کوردانەی وەک رەحمان سەیدە ڕەنگە بیرەوەری و قسەو باسیان لە سەر سینەما و بەسەرهاتەکانی پێ بێ، گوێبیستبوونی ئەو و سولەیمان ئاشناگەر بێگومان دەبێتە هۆی گردوکۆکردنی کۆمەڵێک زانیاری لە سەر سینەما سەعدی.

**بیرەوەری بینەران و سینەما سەعدی**

هاتنی سینەما بۆ یەکەمجار بۆ هەر وڵاتێک و بۆ ناو هەر خەڵکێک لێکدانەوە و بۆچوون و ڕوبەڕووبوونەوەی پێک هێناوە و هەر کەس بە پێی تێگەیشتنی خۆی لەم کەرەسەیەی ڕوانیوە، خەڵکی بۆکان و دەوروبەریش دەبێ هاتنی سینەما بۆیان قسە وباس و ئاکاری جیاوازی خەڵکی لێ کەوتبێتەوە.
من بەشبەحاڵی خۆم زۆر کەم لە بۆکان دەچووم بۆ سینەما مەگەر فیلمی تایبەتی خارجی و هەڵبژاردەکانی فیلمی ئێران نیشاندرابا، بەڵام زۆر کەس دەبێ بیرەوەری لە سینەما سەعدی هەبێ ، بیرەوەرییەکانی من لە سینەما سەعدی زۆربەی هەر زۆری دەگەڕێتەوە بۆ بەرنامەکانی نمایش و شانۆ لە هۆڵی سینەما سەعدی نەک نیشاندانی فیلم.

کۆمەڵێک لە لاوانی ئەو دەمەی بۆکان کە منیش دەگرێتەوە بێزاربووین لە کورتە فیلمی سروودی شاهەنشاهی بەر لە نیشاندانی فیلمەکان، لە کاتی نیشاندانی ئەو سرودەدا دەبوو هەموو دانیشتووانی ناو هۆڵەکە هەستنە سەر پێ، ئەگەر پاسەبان و نیزامی بە بەرگی رەسمی لەوێ دانیشتبان دەبوو خەبەردار بوەستن و کورد گوتەنی چەسپ لێدەن و دەستەونەزەر بوەستن و دەستیان هەڵبڕن بۆ لای سەریان.
دەگێڕنەوە ڕۆژێک لەو سینەمایە پیاوێک کە بۆ یەکەمجار روودەکاتە سینەما، ڕاست لەو دەمەدا کە سرودی شاهەنشاهی دەست پێدەکا دەرگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی وەژوور کەوێ، ڕاست لەو دەمەدا هەموو خەڵکەکە هەڵدەستنە سەر پێ، کابرای نابەڵد وەک ئەوەی خۆی بە مزگەوتی دێیەکەیاندا کردبێ، وەدەزانێ ئەو خەڵکە لە بەر خاتری ئەو هەستاونە سەر پێ، هەر بۆیە بە دەنگی بەرز بە خەڵکەکە دەڵێ فەرموون تۆ خودا دانیشن من حەدم چییە؟

هاشم ڕەزایی دەنووسێ: " لە کاتی پشوودان دا دەهاتن توو و پستە و لەم جۆرە شتانەیان دەفرۆشت. کابرایەکی پیر بوو بە نێوی خانبابا کە زمانی کوردیی نەدەزانی و کاری بلیتدراندن بوو. سەندوقێکی لە تەنیشت خۆی دانابوو و لەتی بلیتەکانی تێدەخست. ئێمەش کە پووڵمان نەبوو، دووان و سێیان دەچووین و داوامان لێدەکرد بە پووڵی کەم رازی بێت و ئیزنمان بدات بچینە ژوورەوە. بە دوو نەفەر پێنج قرانمان پێدەدا و رێگای دەداین، بەڵام نەک لە سەرەتاوە بەڵکوو لێدەگەرا تا پێشپەردە دەستی پێدەکرد و ناوژووری سینەما بەتەواوی تاریک دەگەڕا، جا ئەو کات دەیگوت "گیالن". هەندێک کەس منداڵانی خۆیان دەبردە سینەما. ئێمە مامۆستایەکی نەگبەتمان بوو کە بە یەکێک لە خوێندکارانی دەگوت" هی مثل ریش جلو پدرت میافتی و به سینما میروی". فیلمێک کە هەموو خەڵکی ناوشاری، بە ژن و پیاوەوە کێشایە سینەما فیلمێک بوو بە نێوی " خانە خدا" کە زیاتر لە مانگێک نمایش درا و زۆرێک لە خەڵکی شار ئەم فیلمەیان بینی[lvi]."

" کاکە ئەتۆش ماتڵی سینەما بکرێتەوە؟ لاوێکی دەم بە پێکەنین لێی پرسیم. بەخۆمدا هاتمەوە، دیتم بەرانبەر سینەما لە کن چەند کەس بۆی دانیشتووم. لە وڵامدا وتم نە کاکە ماندو بووم بۆی دانیشتم. لاوکە کوتی وادیارە خەڵکی ئێرە نی!
کوتم وادیارە لە نێوچاوانم نووسراوە! دای لە قاقای پێکەنین. نە کاکە لە ناوچاوانت نەنووسراوە، بەڵام وای تێدەگەم شتێکت لێ وون بووە، چاولە چی دەگێڕی؟

لەبەر خۆمەوە کوتم ئەوە کێیە ئاوا سرنجی داوەتە هەموو ئاکارم. وتم هیچ کاکە.
بزەیێکی هاتە سەر لێو و کوتی,, سەیرە!,,چی سەیرە؟ لێم پرسی. هیچ کاکە. خۆم پێ رانەگیرا پێکەنیم، ئەویش پێکەنی.
وتم وەڵا بیستوومە ماڵی ماموستا حەقیقی لەم لایەوەیە، زۆر حەز دەکەم چاوم پێی بکەوێ. لێی پرسیم، ئەتوش شاعیری؟ نە کاکە! پرسی، نووسەری؟ نە کاکە! ویستی هەر وا بیکاتە پرسیار و وڵام وتم شیعرم پێخوشە، ئیدی پرسیاری لێنەکردم. وتی بەرانبەرت دەستی راست ماڵی حەقیقی شاعیرە، حەتمەن شیعرە جوانەکانیت خویندۆتەوە؟ بەڵێ شیعرەکانیم خوێندۆتەوە، بە تایبەت تێهەڵکێشەکانی لە گەڵ حافز، ئەمبا بۆ باخی میراوا وروکناباد، ئەمبا بۆ لای گوڵ و بەهار، ئەمبا بۆ لای ژیان لە داوێنی سروشت. دوا بە دوای من دەستی پێکرد. ئەمبا بۆ لای گوڵ و بەهار، ئەمبا بۆ لای ژیان لە داوێنی سروشت. پرسی، کاکە دەردەداری؟ نا! ئەی چت لە گوڵ وژیان و سروشت داوە؟ هەرکەس بە فیکری گوڵ و ژیان و سروشت و نیشتمان بێ دەردەدارە! ئەتو کێی؟ لێم پرسی.  لاوێکی ئەم شارەم، بێ پوڵ وپارەم، زگ برسی وئاوارەم، ئاشقی ئەم گوڵزارەم، نەخوشی ئەم غەدارەم، چاوەڕێی ئەم بەهارەم! ,,[lvii]

**سینەما و گرفتی بینەر**
کاتێک سینەما پەیدا بوو، دڵنیگەرانی لە ناو خێڵی سەر بە شانۆ دەستی پێکرد، هێندێک کەس پێیانوابوو سینەما جێ بە شانۆ لەق دەکا و جێگەی دەگرێتەوە، هەرچەند زۆربەی شانۆکارانی بەناوبانگی جیهان ڕوویان کردە سینەما و لە ڕاستیدا ئاکتۆری سینەما هەر لە سەرەتاوە شانۆگێرانی شانۆ بوون، بەڵام سینەما جێگای شانۆی نەگرتەوە.

دواتر کاتێک تەلەوزیۆن پەیدابوو، دڵنیگەرانی کۆمەڵگای سینەمای داگرت و کەسانێک پێیانوابوو ئیتر کەس بۆ دیتنی فیلم لە سینەما لە ماڵەکەی خۆی نایاتە دەر و لە پای تەلەوزیۆن لە ماڵەکەی خۆی دادەنیشێ و سەیری فیلم و سەریاڵ و بەرنامەکانی دەکات، بەڵام نە تەنیا ئەم دەزگا تازەیە زیانی ئەوتۆی بە سینەما نەگەیاند بەڵکوو سوودی زۆرتری بە سینەما و بگرە شانۆ گەیاند، بە شێوەیەک هەر سێ لا سوودمەند لە بوونی یەکتر بوون. دواتر دەزگای دیکە بە شوێن تەلەوزیۆندا هاتن هەتا ساتیلایت و ئینترنێت.

هەرچەند ساتێلایت سوودی زۆری بە کاناڵەکانی تەلەوزیۆن گەیاند بەڵام لە هەمان کاتدا لە وڵاتانی داخراو و دیکتاتۆرلێدراو، بە زیانی تەلەوزیۆنەکانی خۆجەیی تەواو بوو، هەرچەند دەنگ و ڕەنگی ئەو وڵاتانەش لە ڕێگای ساتەڵایتەوە گەیشتە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتی خۆیان، بەڵام هاتنی ئینترنێت سەرەڕای هەموو سوودێکی کە هەیەتی بۆ سینەما و موسیقا لە لایەنی تیجارییەوە زیانێکی گەورە بوو، لە ماوەی دە ساڵی ڕابووردوودا بە هۆی دابەزاندنی موسیقا لە ئینترنێت ژمارەیەک لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنەری موسیقا وەرشکەستە بوون، هەر بەهەمان هۆ سینەما و خاوەن سینەماکان لە ڕۆژئاوا و وڵاتانی ئوروپا تووشی کێشەی ماڵی و کەمی بینەر و مشتەری بوون.

لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ماوەی دەساڵی ڕابووردودا گەلێک سینەما دەرگایان تەختە کراوە، بۆ وێنە لە شارێکی وەک کۆڵن چەند سینەما دەرکەیان تەختە کراوە، لە وانە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ یەکێک لە کۆنترین سینەماکانی ئەو شارە کە کۆی ٩ سینەما بوو، دەرگەی گاڵە درا. ئینترنێت نەک بۆ سینەما بەڵکوو بۆ موسیقا و بەرهەمی موسیقاش گرفتی ماڵی گەورەی پێک هێناوە، دابەزاندنی تازەترین فیلمەکانی سینەمای جیهان لە هەر شوێنێکی ئەو جیهانە بە بێ پارە بۆ هەرکەس و کۆمەڵە کەسێک دەست دەدا، ئەوە ڕادەی چوونی خەڵک بۆ سینەما کەم دەکاتەوە، کەرەسەی تایبەت لە ماڵەکان و شوێنی دیکە ئیمکانی نمایشی فیلم بە شێوەی سینەما دەرەخسێنێ، ئەوەش هەر کەمبوونی ڕێژەی بینەری سینەما بە شوێن خۆیدا دەهێنێ.

ئەم گرفتە جیهانییە لە هیچ وڵاتێک نەبۆتە هۆی وێرانی تەواوی سینەما وەک شوێن، هونەر و سەنعەت. بەڵام لە ئێران وێرانی سینەما تەنیا هۆڵی نمایش ناگرێتەوە، بەڵکوو سەنعەت و هونەری سینەما و سەرجەم بازاری سینەما لە خۆ دەگرێ. زیاتر لەوە ئاکتۆر، دەرهێنەر و کاربەدەستانی سینەما دەرەتانی ژیانیان لێ وەردەگیرێ ئەگەر خۆ لە خەتی حکوومەت لابدەن یان بە چاوی ڕەخنەوە بڕواننە دەستەڵاتداران و لە ڕێگای سینەماوە ڕۆشنگەری بکەن.

برایانی لومیر بە دروستکردنی ئاپاراتی سینەما دەرگای جیهانیان بەرەوڕووی میللەتان کردەوە، موزەفەرەدین شای قەجەر بە پارەی قەرزکراو لە ڕووس و خەزێنەی بەتاڵ سەفەری پاریسی کرد و ئاپاراتی سینەمای هێنایە ئێران، خومەینی بە گەڕانەوەی بۆ ئێران سینەما و فەرهەنگ و هونەری لە ڕێگای حکوومەتەکەیەوە بەرەو وێرانی کێشا، منیش بوومە بەیتبێژی ئەو مێژووە!

ئاگۆستی ٢٠١١

**تێبینی:**

- تکایە زانیارییەکانی پەراوێز بخوێنەوە.
- کەلکوەرگرتن لەم بابەتە لە مێدیای چاپی و دەنگ وڕەنگ ڕەوایە، بە مەرجێک نووسەر و خاوەنی بابەتەکە ئاگادار بکرێتەوە.

http://bokan.de/laperekan/nuseran/Braym/sinema%20seadi.pdf

ب:

وتاری کاک ڕەحمان محەممەدیان

## "چەند تێبینی و زیادکراو لە وتاری

## *'لەچاڕکێشانەوەبۆ سینەما سەعدی'* ڕێزدار برایم فەڕشی"

**لەگەڵ دەست خۆشی زۆری کاک برایمی خۆشەویست لەم یادداشتە کورتەدا هەوڵمداوە، بگەڕێمەوە بۆ گەشەی هونەر لەساڵانی پێشتر و یادێک لەهو نەر مەندانی ئەو ساڵانە بکەم و ڕێزیان لێ بگرم. جا ئەگەر شوێنێکی وتارەکەی کاک برایمیش پێویستی بە ڕوونکردنەوە بووبێت، ئەوا بە ئیجازەی ئەو، ڕوانگە و بۆچوونی خۆم، کە پشت ئەستوورە بەو زانیارییانەی کە لە دۆست و برادەری شارەزای خۆم وەرگرتوون، ڕاگەیاندووە:**

**1- لا پەڕە4: ئیجارەی بەری دووکانەکانی حەمەدەمین ئاغای ئێلخانی زادە، مینەی ڕەشید ناسکێ ومەلا تەها وەریان دەگرت. بەری قاسم ئاغای موهتەدیش مەحمودی ئیفتیخار و میرزای حەسار کۆیان دەکردەوە.**

2 – لا پەرە5: لەسەر ئەو تۆزە قیرەتاوەی بەر دوخانیات، مەزرەق وشێللا قەش دەخولایەوەو دوچەرخەسواریش دەکرا!

3 – لا پەرە6: ئەو کەسەی وا تەختەنەرد و شەترەنج و شتی تری دارینی دروست دەکرد، ئەرمەنییەک بەناوی "مسرۆب" بوو کە "میسرۆف" یان پێ دەگوت و گوایە لە بنەڕەتدا "موهاجیر" بوو، واتە لە خاکی سۆفیەتەوە هاتبوە ناوچەی ئێمە.

4 – لاپەرە7: لەسینەما سەعدیدا، حەسەنی ڕەسووڵیانیش بلیتی دەفرۆشت وسەدیقی مورادی (دۆینە) ش خەڵکەکەی ڕێ نوینی دەکرد بو هۆڵەکان. هەر وەها دیواری نێوان سێ هۆڵی سینەماکە، سەرەتا نەردەی ئاسن بو؛ بەڵام منداڵان لەکەلێنی نەردەکانەوە دەچوونە بەشەکانی تر! دوا تر لەبەر ئەو هۆیە، نەردەکەیان کردە دیوار.

5 – لاپەرە8: ئەوکەسانەی وا شەربەتی مێوژڕەشەیان دەفرۆشت، ئەحمەد عەدەو ئەحمەدی مامۆ ستا بوون پێش ئەوانیش ئەحمەدی شاقولی بووە. نیاز لە مامۆستا، نەمر مامۆستا شێخ حەسەنی کازمییە.

6 – لاپەرە9: ئەو سەیدەی وا شیعری دەخوێندەوەو دەفەی لێ دەدا، ناوی سەید رەسوڵ و خەڵکی هەورامان بوو. یەحیا خانیش هەبوو کە بە کەشکۆڵەکەی وجل و بەرگی سپیەوە دەگەڕا وشێعری دەخوێندەوە و خەڵک پارەیان بۆ دەخستە ناو کەشکۆڵەکەیەوە.

- هەرلەو لاپەڕەیە دا: ئوروجە عەجەم جگە لەفرۆشتنی بلیتی بەخت ئازمایی و ڕۆژنامە، دوایە لەخیابانی سەقز دووکانی تەعویزی ڕەوغەنی هەبوو و بەچاوی کوێرەوە ڕۆنی ماشێنی دەگۆڕی و گریسکاری دەکرد.

- هەرلەلا پەرەی9 دا: ئەو لاوە باڵا بەرزە، سەید برایمی شێربەگی بووە کەئێستاکە بۆتە خەڵیفەو لەبەشێک لەهەورامان مورید ومەنسووبی هەیەو خۆشی نیشتەجیی بۆکانە و خانەنشینی بانگی سادراتە.

8 – لاپەرە11 و13: کاک موستەفا حەریری دەڵێ: بەزمی ورچ ومەیمون هەڵپەڕاندن لە کاروانسەرای "کەیکاوس" بەڕێوە دەچو و.

هەمان لاپەڕە: هەوەڵین فیلمی سینەما سەعدی بە گوێرەی بۆچوونی کاک عوسمانی ئیسماعیلی "گربەوحشی" ئێرانی بوو. ["دختر لر" یەکەمین فیلمی فارسی بووە کە لە هیندوستان بەرهەم هێنراوە و لە سەردەمی ئێمەدا لەمێژ بوو لە سەر ئوکران نەمابوو.]

9 – لاپەرە14- محەممەد عابیدی ڕاستە.

هەروەها نابێ گەشەی هونەری نمایش وشانۆ، کنیەرکێی شیعر خوێندنەوە (مووشەرعێن) و گۆرانی و سەما لەساڵەکانی پێشتردا لەبیر بکەین.

هۆڵێکی گەورە بەگۆێرەی ئەو کات لەساڵەکانی 1335 و 1336 دا بەهیمەتی نەمر "مەحمودی سیدقی" سەرۆکی ئەو کاتی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان، لەبەشی باکوری ڕۆژئاوای قەڵای سەردار، ڕووبەڕووی خیابانی تازە، واتە ئەو شوێنەی وا دەبیروانیە پاساژی سەید سەدیقی قورەیشی و ماڵی میرزا حوسێنی کۆچەری، کرایەوە. هۆڵەکە بەرز تر بو لەحەوشەی قەڵا و بەچەند پلیکان دەچویە ناو ساڵۆنەکە، هۆڵەکە سەکوی شانو وپەردەی مەخمەری هەبوو، لەدەستی ڕاستی ساڵۆنەکەوە بەداڵانێک دا، بەپلیکان دەچوویتە سەر سەکۆکە. هەر لەو داڵانەوە دەچویتەناو ژوورێکەوە، کەبۆ گریم و خۆ ساز کردنی ئەکتەرەکان تەرخان کرابو، ئەو ژوورە کەوتبوە پشت پۆلەکانی دەرس گوتنەوە. ئیمتیحانی قوتابیانیش لەوێدا بەڕێوە دەچوو و

ڕێ ورەسمی حکومەتیش وەک جەژنی چواری ئابان و ٢١ ی ئازەر هەر لەوێ دەکرا. هەروەها چالاکی هونەری وک نومایش، شانۆ، شیعروگۆرانی وسەمای کچان وهونەری تریشی لێ بەڕێوەدەچوو.

- لەساڵی 1336 دا، کەنەمر حەبیبوللا تابانی وەک بەرپرسی بارهێنانی لەش لە مەهابادەوە هاتەبوکان، جودا لە ئیشەکەی خۆی زۆری خۆ بە گەشەپێدانی نومایش و شانۆ، موسیقا و بەشەکانی تری هونەرەوە ماندوو دەکرد. ئەو کەسایەتیە، خۆیشی وەک ئەکتەر لەنومایشەکاندا وێرای قوتابیانی هونەرمەند چالاک بوو؛ کاری گریمی ئەکتەرەکانیش هەر ئەو دەیکرد.

- دواتر بەڕێز قەرەپاپاق کەخەڵکی نەغەدە و خۆی مامۆستای وێنەبوو، زۆرهۆگری بەشەکانی تری هونەر وەک شانۆ وموسیقا بوو. لەبیرمە لەگەڵ ڕێزدار سەید یاسینی حوسێنی و چەند کەسێکی تر نومایشی "ئەسکەندەری مەقدوونی" یان هێنایە سەرشانۆ و خۆشیان وەک ئەکتەر تێیدا بەشداربون.

- بەڕێزحەمەدەمینی مورادیان کارمەندی دوخانیات لەگەڵ بەڕێزیکی سەقزی دا کەخۆی دەکرد بەژن، نومایشی کۆمێدییان لەو ساڵۆنەی قەلا بەڕێوە دەبرد و خەڵک زۆریان پێ خۆش بوو.

- بەڕێزان سدیقی کاوەیی و برایمی مەعروفی وچەند ئەکتەرێکی تر بەجل وبەرگی کوردی و زمانی فارسی، نومایشی عەلی مەردان خانیان بەڕێوە برد.

- بەڕێز برایمی کەریمی کارمەندی دوخانیات لەنومایشەکان دا، گریمی ئەکتەرەکانی دەکرد.

- بەڕێزسولەێمان کەریمی بەرپرسی بار هێنانی لەش، جودا لە بەر پرسایەتی ئیشەکەی خۆی، لەهاوکاری و بەڕێوەبردنی چالاکی هونەریدا تێکۆشەربوو.

- من و بەڕێز ئەنوەری سوڵتانی قوتابی پۆلی حەوتەم بووین لەقەڵا، مونازەرەی چێشتی ئێرانی و فەرەنگیمان لەو ساڵۆنەدا بەڕێوەبرد. من لایەنگری چێشتی فەرەنگی بوم و کاک ئەنوەریش هی ئێرانی.

- چالاکی و هەڵسورانی بێ وچانی نەمر ئەحمەدی سامبەگی چ لەباری وەرزشی وچ لەئیشی هو نەری، لەتەواوی دەورانی قوتابی و کار بەدەستی دا، نابێ لەبیر بچێ و دەبێ بەردەوام ڕیزی لێ بگیرێ.

- لێرەدا دەبێ یادێک لەوکچە قوتابیە بەڕێزانە بکەم کە لەسەردەمەدا، چالاکی هونەرییان دەکرد و بوێرانە شان بەشانی قوتابیانی کوڕ، گەشەیان بەهونەری نومایش، شانو، ئاواز و سەما دەدا. دەتوانم ئەم بەڕێزانە ناو بەرم و داوای لێ بوردن بکەم لەوخۆشەویستانەی کەوەبیرم نەکەوتو نەوەوناویان لەقەڵەم کەوتوە:

بەڕیزان پەروین مەنگوری، فەوزیە کەفشدوزی، ژیلا اورامی پور، خانموڵی وەستا حەمەساڵەی بەننا و زۆر خاتوونی تر.

- هەول وتێکۆشان ودڵسۆزی بەڕێز کاک برایمی فەرشی وگرو پەکەی لەبەشی شانۆ دا هیچ کات لەبیر ناچێ.

- چالاکی ئەم بەڕێزانەش لەبەشەکانی هونەری شانۆ، موسیقا، گورانی وشتی ترلەیادی خەڵک دا هەر ماوەو هەر دەمێنێ:

بەڕێزان: مەنسور فەروخی، برایانی مەردان بەگی، حوسێنی رەحیمی پور، مینەی شێرخانی، حوسێنی دیهبەندی، ئەبوبەکری غەفوری، حوسێنی سەرکار، عوسمانی فەتحی، سمایلی فەتحی، حوسێنی مەلیک پور، عوسمانی ئیسماعیلی، حوسێنی موراد بەگی، خالید ڕزایی، موستەفا حەریری، غەفوری حاجی غەفوری، عەزیزی حەریری، حوسێنی سەعیدی، عوسمانی موبارەکی، عەلی میرزایی، فەتاحی تاهیرئا زەر، محەممەد عابدی، حەسەنی دەرزی، جەماڵ بابا حوسێنی، سەلاح نەزەری و تاها تەحریریان.

پ:

## وتاری یەکەمی کاک مەنسوور فەرروخی

### چەند دێرێك لەسەر نووسراوەی کاك برایم فەڕشی سەبارەت بە سینەما

بەڕێز کاك برایم فە رشی  لە دوایین نوسراوەکەی خۆیدا، لەسە ر سینەما، زۆر بویرانە چەند باسێکی لەسەر شاری بۆکان کردووە و وتارەکەی بە بیرەوەرییەکانی کاتی منداڵی و میرمنداڵی خۆی رازاندۆتەوە. سەری لە کەلێن و قوژبنی شارەکە داوە و وئاماژەی بە چەند ناسیاوێکی شارەکە کردووە.

بەر لە هەموو شتێك پێویستە بڵێم بە خوێندنەوی وتارەکە، دڵم روون بووە و بە وەبیرهاتنەوەی گە لێك بیرە وەری، رۆحم ئاوپرژێن کرا.  یاد و هەوای قەدیمی گەنجایەتی کەوتەوە مێشکم. ماندوو نەبیت کاك برایم.

کاك برایم زۆر بویرانە دەڵێت هەرچەند مەبەستی ئەم نوسراوە باس کردن لەسەر سینەما "سعدی" بۆکانە، بەڵام ئەو باسە گریدراوی بابەتی دیکەیە کە ئەگەر لێرە باسیان لێ نەکرێ رەنگە ئیتر هیچکات قسەیان لەسەر نەگوترێ.

بەو چەشنەی کاك برایم باس لە مێژوو و فەرهەنگی مادەکان و پارسەکان و پێش ئەوانیش دەکات، مانای ئەویە کە جەنابیان کەسێکی مێژوو ناسن و یاخود فەرهەنگی نەتەوەکان لە کۆنەوە دەناسن. بە بڕوای منیش هە ر دەبێ واش بیت، بەپێی ئەو نووسراوانە کە تا ئێستا لە جەنابیانم دیوە وخوێندوومەتەوە بەو ئەزموونە دەگەم کە کەسێکی ئاگادارن لە بواری فەرهەنگی و بەتایبەت شانۆگەریدا. بە دوای ئەم پسپۆڕایەتییەدا کە دێتە سەر باسی بۆکان و باسی ئەحمەدی کاکەڵا دەکات کە دووکانێکی قاوت فرۆشی هەبوە و بە گوتنی "یا کریم یا ئەڵڵا" دەستی کردووە بە شیعری کوردی گوتن و جەنابیان لەگەڵ چەند کەسێکی تر (هە مو روژیك) بۆ خواردنی قاووت و بیستنی قسە و شیعرەکانی دە چوونە لای... کاك برایم ئاوا دە نووسن: "کارەکەی ئەو بۆ من هونەرێکی رەگ و ریشە دار بوو". بەم بۆچوونە باس کردن لە کاك ئەحمەد و شیعرە کانی نیشانەی ئە ویە کە جەنابیان شارەکە باش دەناسن و بیری منداڵییان زۆر تیژە و رەگ و ریشەی شیعر و بەیتی کوردیان هە ر لە کاتی منداڵییەوە  ناسیوە.

دیسان بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لەسە ر جەنابیان هەمە و ئەو زەحمەتانەی کە لە ڕێی فەرهەنگ و هونەری بۆکان کیشاویانە،  ئیمانیان پێ دێنم و دەڵێم هەرچی جەنابیان دەڵێن و دەینووسن دەبێ وابێ.

تەمەنی من و کاك جەعفەرم بۆ ئەوە نەدە بو کە هاوریە تی پێشکسوەتانی شانۆ گەری بەهێزی بۆکان بکەین، هەروەها کاتی نیشتەجێ بوونی من لە بۆکان لەگەڵ شانۆکانی میللی و مەیهەنی یەك ناگرنەوە.

ئەو کات هەر گەنجێك پێی خۆش بوو بە نەوعێك خوی تێکەڵ خۆنواندنەکان بکات، خۆ جەنابتان ئەو جۆرەی کە باس دەکەن، وەك هەر لەم نووسراویەی (سینە مای بۆکان) کە لە سالی ١٣٥٧ وە تا ١٩٧٨ لیکولینە وە تان لەسەر کولتووری شارەکە کردوە ، دەبوو باش بزانن لە سالی ١٣٥٧ دا چە چەشن ئیمکاناتێك لە شارە کە دا بووە، وای بە حالی دە ساڵ پێشتری. هەر لەو بێ ئیمکاناتییانە دا هەموو لاوێك پێی خوش بوو رێی بدن تاکوو بێتە سەر سەکۆی شانۆ، بەڵام نە بۆ ئەوی کە بە سەر شاهەنشاە و حیزبە کیدا هەڵ بڵێن. بۆکانی ئەوکات هیچ ئیمکاناتێکی وای نەبوو تاکوو لاوەکان خویانی پێوە بحاوێننەوە، هەر ئەو موناسباتانەی کە هەبو خوی گە لێك دڵی کچ و کوڕی شارەکەی ئاو پرژێن دە کرد.

**تئاتر کوچك بۆکان:** هاوینی  سالی ١٣٥٥ هاتمەوە بۆ بۆکان، خوم پێ شتیك بو، دوو ساڵ کاری شانۆم کردبوو. شش مانگ دەورەی شانۆگەری حیرفە یم دیتبوو، هەر بەڕاستی بۆخۆم شتێك بووم ...

سێ هاوڕێی کاتی میرمنداڵیم هەبون "کاك جەعفەر مەردانبە گی"، "کاك نادر قادری" و رۆحی شاد "کاك فەتاح ئیسماعیل پوور"، کە پێشنیاری وەرێخستنی گرووپێکی شانۆم پێ کردن و زۆریان پێ خۆش بوو. "تئاتر کوچك بۆکان"،

وەرێ کەوت. ئەو ناوە ئیقتیباسێك بوو لە "تئاتر کوچك تهران" کە من بەردەوام بۆ دیتنی بەرنامەکانیان دەچووم و ئاشناییەکی باشم لەگەڵ پیکهێنابوون. بە کەسمان نەکوت کە گرووپی شانۆ دادە نێین. ئیزنمان لە کەس وە رنەگرت، داوای پارمەتیمان لە کەس نەکرد و خۆمان بە هیچ یەك لە ئیدارەکانی بۆکانەوە هەڵنەواسی. گروپێکی بەڕاستی سەربەخۆ کە پێی خۆش بوو تەنیا لەسەر پێی خۆی راوەستێ. بڵێی ئەو تایبەتمەندییانە بەڵگەی حاشاکردنی کاك برایم نەبێ بۆ ناسینی ئە و گرووپە لە بۆکاندا، یاخود رەنگە جەنابیان دەیانەوی تەنیا خۆیان بە پەرچەمداری شانۆگەری لە بۆکان بناسێنن!.

یەکەم بەرهەممان شانۆی "ترن" لە کارە کانی ئیبراهیم مەکی (ابراهیم مکی) بوو. دوای دوو مانگ دووهەمین بەرهەممان بە ناوی "رەزا بیك مانوێردی" (رضا بیکمانوری) دیسان لە نوسینی ئیبراهیم مەکی لە کتیبی تە ك پە ردە (تك پرده) هاتە سەر سەکۆی شانۆ.

ئاگاداری و تێگیشتنی خەڵك لەوە دابوو کە دەیانزانی ئە و گرووپە شانۆییە گروپێکی سەربەخۆیە، بۆیە بە ئافیشو بانگەوازی سەربەخۆوە هاتۆتە مەیدانەوە. هەر دووکارەکان بە شێوەیەکی حیرفەیی یەوە بەڕێوە چوون و ئێمە هەر چوارمان شانازییەکی زۆرمان بە باش بەڕێوەچوون و سەرکەوتوویی ئەو شانۆیانە لە ناو خەڵکیدا دەکرد.

تە قی ئاتەش، (تقی آتش): ئەو کەسەی کە کاك برایم وەك هاوکار ناوی دە بات، ئەوکات یەکێك بوو لە شانۆگەرە باشەکانی شانۆی ئێران و دواتریش بوو بە یەکێك لە داهێنەر و بناغەکانی شانۆ لە ئێران، ئیستاش بۆتە کۆڵەکەی شانۆ گەری و سینەمای ئێران.

تەقی ئاتەش تەنیا یەك جار هاتۆتە بۆکان ئەویش بۆ دیتنی شانۆی "بیکمانویردی" بوو لە ساڵۆنی دەبیرستان. دوای تەواو بوونی شانۆکە بۆ یەکەمین جار لە بۆکان جەلەسەی وتووێژ لەسەر شانۆ داندرا. تەقی ئاتەش رەخنەکانی خۆی گرت و دوابەدوای رەخنەکان گوتی کارێکی پسپۆرانە بوو، ئاکتەری باش، مۆسیقای باش و نواندنی زۆر زۆر باش، هەروەها گوتیان کە داهاتووی شانۆی ئێران لە بۆکان دە بینێت. کاك برایم جەنابتان لەوێ بوون و سوکنایە تیتتان بەو کۆبوونە ویە نەهاتو هەر لەویوە بە گریمەوە چوین لە فەلەکەی سەقز دانیشتین و جەنابتان هە ر پرسیارتان دە کرد کە چۆن دەستتان پێ کرد؟ چۆن بوو ئەو کارەتان هەڵبژراد؟ مۆسیقاکەتان لە کوێوە هێنابوو...

رۆژێك، لەندەوێرەکەی، ساواکی مەهاباد هاتە بۆکان، رۆحی شاد، کاك فەتاحی سوار کردبوو، دوو دەوری بۆکانیان گێرا و پێیان گوتبوو بڕۆوە ماڵێ و کارت بە کاری شانۆ نەبێت. هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە لەوانەیە ڕاپۆرتیان لێ دابێتین، ئیمە ش ترساین و بڵاوەمان کرد.

ئێمە ئاوا باسی خومانمان لە لای هاوڕێ یانی قە دیمی پێشمەرگە نە کردووە. "تئاتر کوچك بۆکان"، لە دوای وەرگرتنی شەڕەفی ئەندامەتی یەکیتی لاوانی کوردستان و دواتریش شەڕەفی ئەندامەتی حدکا بە ردەوام لە شۆڕشدا وە ك شانۆ بو خەڵك کاری خۆی کرد کە بە رهەمەکەی سێ ساڵ جەولە لە ناو گوندەکانی کوردستاندا بوو.

بە نابەدڵیەکی یەك جار زۆرەو دوای پرس ورا کردن بە چە ند کەسی لێزان، ئەو چەند دیرەم نووسی. پێم خۆش نەبوو وای لێ بێ. پێم خۆش بوو کارێکمان پێکەوە کردبا، شانۆیەك بۆ بۆکان بۆ یادی کوڕەکانی بۆکان، بۆ خۆشەویستی بۆکان، بو هونەر، بۆ ڕاستی، بۆ جوانی، بۆ مەعریفەت، بۆ بڕوا، بۆ پێکەوە بوون و یادگارییەکمان دروست کردبا لە هەندەران.

مە نسور فە رووخی

۱۸ سپتا مبر ۲۰۱۱



به بهانه برگزاری جلسه اعضای انجمن نمایش بوکان
با سلام .
به بهانه برگزاری جلسه اعضای انجمن نمایش بوکان در چند روز اخیر ورایزنی ها برای بهبود وضعیت این انجمن مطالبی را که سالها است در دلم سنگینی می کند را می خواستم در این سطور بریزم .
هر چند که تمام انچه را که می خواهم بگویم نمی توانم بنویسم حال از هر جهت که شما دوست دارید حساب کنید از ترس یا از بیان ناقص و.......
متاسفانه تشکیل انجمن نمایش وگروههای نمایشی وابسته به ان خود حدیث مفصلی است که شرح آن قاموس دگری می خواهد و گوش شنوا و دل مهربان وروحی لطیف که درک مان کند . گروه های نمایشی که در بحبوبه مسایل سیاسی در منطقه بوجود امدند و هر جوانی که وارد گروه می شد حتما بارها مورد اهانت خیلی ها قرار می گرفت اما عشق وعلاقه به تاتر این جور چیز ها را که حالی نمی شد . تمرینات در سرمای سخت زمستانهای ان سالها واتاق سرد تمرین وبی پولی و کارکردن تاتر بی چیز و خیلی از چیزهای دیگر . از جشنواره های مدرسه وبسیج گرفته تا استانی وشهرستانی و جنگ شادی ودکلمه خوانی واقعا که چه صفای داشت و واقعا که ما عمر مان و جوانی مان وخیلی از چیزهای دیگری مانند زندگی مان را گذاشتیم و جز لذت و شادی روحمان چیز دیگری نصیب مان نشد و نشده ونخواهد شد . از محمد کریمی وخان تا بوکان شهرستان میشود و کارهای ابراهیم مکی و **منصور فرخی** و **خالد حیـــدری** تا حرکت های اخیر این چند ساله هر چه که بود بنای تاریخ نمایش بوکان را ادامه دادیم و نام ما هم لای جرز ان گذاشته شد . مثل همه . مثل انان که تاتر با اعمال شاقه را باب کردند تا انان که همیشه سوار بر اتوبوس ومینی بوس از این جشنواره به اون جشنواره می روند و می ایند وپارچه دور میدان می زنند و خودشان را عرضه می دارند . از دوره دوم انجمن نمایش انجمن از هم پاشید . انتخابات فورمالیته شد . رئیس انجمن ها انتصاب می شدند و اتاق انجمن بالا وپاین می شد دراداره ارشاد . حالا هم عین دفتر وزیر تزیین شده . خدا خیرش بده بانی و مصبب ش را.

نوشته شده در چهارشنبه یازدهم بهمن ۱۳۸۵ساعت ۲:۳٤ توسط عبدالرحمن عزیزی | یک نظر

استخراج از سایت تئاتر ما با این آدرس :

http://theatrema.blogfa.com/post-87.aspx

ت:

وتاری دووهەمی کاک مەنسوور فەڕروخی

## سینەمای بۆکان

ئەم بابەتە لە درێژەی وتارێکدا دەنووسم کە پێشتر سەبارەت بە سینەمای بۆکان نووسیبووم و لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکاندا بڵاو کرابوەوە.

لێرەدا، مەبەست دووپاتکردنەوەی نووسراوەکانی پێشوو نییە، بەپێچەوانە تەنیا باس لەو شتانە دەکەم کە پێشترنەگوتراون و واهەیە بەشی زۆری خوێنەرانیش لێیان ئاگادار نەبن. لێرەدا سپاسی زۆری ڕەعناخانم ئەحمەدین دەکەم کە زانیاری و بەڵگەنامەکانی ڕاگەیێنراوی نێو ئەم ووتارەی بۆ من ولە ڕاستیدا بۆ خوێنەران و بۆ مانەوە لە مێژووی ووڵاتەکەیدا ناردووە. نموونەی ڕەعناخانمی بەڕێز هەر زۆر بێت.

---

ئەوە وێنەی بەڵگەی کڕینی زەمین لەلایەن سەتار عەلیپور خەڵکی میاندواو، لەبرایانی ئیلخانی زادەیە بەمەبەستی درووستکردنی سینەما لەشاری بۆکان.




ئەوەش دەقی لەبەرنووسراوی بەڵگەنامەکە:

وزارت دادگستری

ثبت کل اسناد و املاک

ثبت اسناد و املاک شهرستان مهاباد، دفتر ۱۲ بۆکان

صفحه ۱

رونوشت سند قرارداد　　　　　　　　　　مورخه۳۱ تیرماه۱۳٤۰

شماره۲٦۱۲/۲٦۲۲

بەآقای ستار علیپور دادەمیشود:

آقایان ابراهیم، اسماعیل و محمدامین ایلخانیزاده بەشناسنامەهای شماره۱۹، ۲۱ و ۳ تماما فرزندان آقای محمود آقا ساکن بوکان، اقرار نمودند که مقدار چهارصد متر مربع از زمین پلاک ۱۱٤ اصلی واقع در قریەعلی اباد بوکان بطول ۳۲ متر و ۱۲، ٥ متر عرض بەآقای ستار علیپور بەشمارەشناسنامه ٥۲۸ میاندوآب فرزند حبیب مرحوم ساکن میاندوآب فروختەاند و قیمت هەمەرا دریافت داشتەاند وتعهد نمودند پس از رفع موانع ثبتی مقدار مزبور را بطور قطعی طبق سند رسمی

بەآقای ستار علیپور انتقال دهند و فروشندگان ملتزم و متعهد گردیدند چنانکه از حال تا پنج سال شمسی کسی بمقام اعاده زمین مزبور برآمد، مبلغ یکصد هزارریال وجەالتزام بەآقای ستار علیپوربپردازند و زمین مزبور شمالا خیابان کشاورزی جنوبا زمین آقای ابتیاعی شرفکندی و شرقا به زمین اربابی. توضیح اینکه مرز غربی زمین که پیادەرو خیابان پهلوی است دوازده متر و نیم عرض وحدود شمالی زمین کەدر خیابان هیجده متری است به طول سی ودو متر است.

تاریخ سی ویکم تیرماه یکهزار و سیصد وچهل شمسی برابر با هشتم صفر یکهزار و سیصد وهشتاد ویک قمری.

محل امضا ابراهیم ایلخانیزاده، اسماعیل ئیلخانیزادەو محمدامین ایلخانیزاده به احراز پیوست[؟] ......

مراتب مسطوره در نزد اینجانب قلمی شد بتاریخ متن[؟] شرفکندی.

رونوشت برابراصل است. مبلغ ٣١٣ ریال تمبربەاصل الصاق شد.

سردفتر اسناد رسمی شماره١٢ شهری [؟] بوکان، شرفکندی ١٣٤٠/٩/٧ [مهر و امضاء]

لەناوەڕۆکی سەنەدەکەوادەردەکەوێت کە بەڵگەی سەرەکی نەبێت و ڕوونویشت بێت، واتە وەک لە دەقەکەدا هاتوە، بەڵگەی فرۆشی "قطعی" و "سەبتی" دوای چارەسەرکرانی "بەربەستی سەبتی" دەردەکرێت. ئەو بەربەستە دوور نییە هەمان کێشەی عەرصە و ئەعیانی مڵکەکانی بۆکان بێت کە لە کۆنەوە لە نێوان ئاغاکانی بۆکان و خەڵکی شارەکەدا هەبوو.

**سەتار عەلیپوور کێ بوو؟**

سەتار عەلیپور پێگەییشتوی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و باغدارە لەمیاندواو. سەتار لەپەنا باغداریدا کە بەمیرات پێی گەیشتبوو، کار و کاسبی دیکەشی بەلاوە دەکرد. ناوبراو نوێنەرایەتی شیرکەتی جیپی لەمیاندواو هەبوو، هەروەها خاوەنی ڕیزە دووکانێک و سینەمای میاندواویش بوو. هۆی دروستکردنی سینەما لە بۆکان لەلایەک دەگەڕێتەوە بۆ دۆستایەتییەك کەمەرحومی سەتار عەلیپور لەگەڵ ئاغاکانی بۆکانی هەبوو(بەفرۆشتنی ماشینی جیب و تراکتۆر و کومباین) لەلایەکیتریشەوە ئەزموونی سینەمادارییی لەمیاندواو. مەرحومی سەتار لەگەڵ ئاغاکانی دەوروبەری بۆکان وسەقز و مەهاباد و نەغەدەو شنۆ دۆستایەتی و ئالشوویرشی کردووە، و کەرەسەیەکی زۆری لەماشینی جیپ و تراکتور و کومباینی، بەقەرز و قیستی ساڵانە پێ فرۆشتوون.

بەر لەدامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێزدار کەریم ئەحمەدین (وەزیری پۆست و تیلەگراف لەکۆماری کوردستان) ئەرکی بەرپرسایەتی شیرکەتی نەوتی میاندوای لەئەستۆ دەبیت و ئەوەش دەبێتەهۆی دۆستایەتی ئەو بەرێزە لەگەڵ بنەمالەی سەتار عەلیپور.

لەکۆتایی مانگی بەهاری ساڵی ١٣٤٠ کاتێک کەبنەماڵەی ئەحمەدین بەمەبەستی پێکهێنانی گوندێك بۆ خاتوو ڕەعنا، بەهۆی وەرگرتنی دیپلۆم، بەرەو قەباغکەندی ماڵی خاڵی وەڕێ دەکەون، لەکارێزی میاندواو تووشی سەتار دەبن و داوایان لێ دەکات کە میوانداریان بکات. کاتێک سەتار لەمەبەستیان

تیدەگات کەبەمەبەستی گووەند بۆ قەباغکەندی دەچن، گەلێك پێی خۆش دەبێت و دەڵێت کەغوڵام حەیدەریش دیپلۆمی وەرگرتووە و با جەژنەکە بکەین بەدوو.

خاتوو رەعنا کچی گەورەی رێزدار کەریم ئەحمەدین دەبێتەهاوسەری غوڵام حەیدەرعەلیپور کوڕی گەورەی سەتار. زەماوەندی غوڵام حەیدەر و خاتوو رەعنا ئەو کات دەنگدانەوەیەکی زۆری لێ دەکەوێتەوەو بەزەماوەندێکی شاهانەنێوی دەبەن، واتەلەو کاتەوە کەبووك بەرەو ماڵی زاوا وڕێ دەکەوێ هەتا دەگاتە ماڵێ، چاردەجار قوربانی لەبەر دەم دەکرێت، کە ئەوەخۆی دەبێتەهۆی درەنگ گەیشتنی بووک بۆ ماڵی زاوا.

بەهۆی خزمایەتی دایکم لەگەڵ بنەماڵەی ئەحمەدین، بەخوشییەوە توانیم بەڵگەی سەرەکی کڕینی زەمین بو سازکردنی سینەما بە فاکس وەربگرم.

بەپێی ئەو سەنەدە، شوێنی سینەما لەگەڵ ماڵی رێزدار شەرەفکەندی و مامۆستا حەقیقی و ئەوانەی تری دەوروبەریان لەمەحدودەی عەلیابادی بۆکاندا بوون. واتەمەحدودەی شاری بۆکان ئەوکات تا شیرکەتی نەوتی قەدیم و پێش ماڵی حەقیقی و شەرەفکەندی بووە.

سازکردنی بینای سینەما شتێك زیاتر لەساڵێکی پێ دەچێت وجێگەی دانیشتنی سێ سەد کەسی تێدا ئامادە دەکرێت. سینەما لەساڵی ١٣٤١ دا دەست بەکار دەکات. خاتوو رەعنا ئاوا باسی دەست بەکارکردنی سینەما دەکات:

"عەلی داداشوند، ناسراو بەعەلییەشەل لەسینەمای بۆکان یەکەم کەس دەبێت کەپرس و ڕای پێدەکرێت بۆ وەڕێ خستنی سینەما لەبۆکان، کەبەر لەوە لەمیاندواو کاری پرۆژێکتوری لەسینەمای ئەو شارەکردبو. هەروەها دابین کردنی چەند کەس بۆ کار کردن لەسینەما، کاك غەفوور ئاشناگەر کە پێشتر پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ سەتار علیپور دەبێت، وەک سەرپەرشتی کریکارانی سینەما دیاری دەکرێت." بەپێچەوانەی ئەوی کەدەگوترێت، کاك غەفوورهەتا ساڵی ١٣٤٧ خاوەنی سینەما نەبووە و نیوە بەشێشی نەدراوەتێ. بەپێی ئەو بەڵگەیەی کەخاتوو رەعنا وەك دەستخەت لەئیدارەی سەبتی ورمێ وریگرتووە، کاك غەفوور لەساڵی ١٣٤٧ دا دەبێتەخاوەنی ئەعیانی (واتا بینای سینەما).

لەساڵەکانی ٤٥ و٤٦ دا کاروباری سینەما بەرەو کەسادی دەڕوات و خاتوو رەعنا خۆی بۆ سەرپەرشتی کردنی سینەما دێتەبۆکان و ماوەی نزیك بەدوو ساڵ لەبۆکان، لەباڵەخانەکەی بینای سینەما دا نیشتەجێ دەبێت. خاتوو رەعنا لەسەردەمەکانی دامەزرانی پایگای کەشاوەرزی لەسەر ڕێی میاندواو بۆ مەهاباد لەساڵی ١٣٤٧، لەو شوێنە وەك کارمەند دادەمەزرێ و سینەمای بۆکان دێتەوە سەر رەواڵی پێشووی خۆی و کاك غەفوور ئاشناگەر دیسان سەر پەرەشتی کاروبارەکان بەئەستۆ ەدەگرێتەوە کە لە ئەنجامیشدا دەبێتەخاوەنی شەشدانگ ئەعیانی سینەما.

کار وکاسبی سەتارعەلیپور لەساڵەکانی ١٣٤٢ و ١٣٤٣ دا، بەهۆی دامەزرانی ئیسلاحاتی ئەرزییەوە کەدەبێتەهۆی نزمی داهاتی ئاغاکان لەناوچەدا و نەمانی دەو دوو و نەدانی قیستەکانی ساڵانە لەلایەن مشتەرییەکانییەوە، کەسادی دێنێت، باغات لەدەست دەچن، نمایەندەگی جیپ نامێنێ و شیرکەتی جیپ دەست بەسەر مڵکەکانیدا دەگرێت کەیەك لەوان سینەمای بۆکان دەبێت. لەکۆتایی زستانی١٣٥٥ لەنیوە شەوێکدا سینەمای بۆکان ئاور دەگرێت، عەلییەشەل دەڵێ ئیتیسالی کارەبا دەبێتەهۆی ئاورگرتنی سینەما(؟) کەس بۆ کووژاندنەوەی ئاگری سینەما نەچوو. لەدوای فەوتی سەتار، غوڵام حەیدەر

کەچەند ساڵیک بەر لەفەوتی بابی تووشی نەخۆشیەکی گران دەبێت، ئیتر وەك وەرەسە توانایی سەرپەرشتی کاروباری نابێت وکاتی ئاڵوگۆڕەکەی ئێران دێت.

لە بەڵگەکەدا هاتووە، کەزەمینەکە لە برایانی ئیلخانی زادەکڕدراوە. لەدوای تەفکیکی زەمینەکانی بۆکان و دیاری کردنی بەشی هەریەك لە برایانی ئیلخانی زادە، ئەوکات روون نەکراوە کەزەمینی سینەما بەلای کام برادا کەوتووە. بەپێی ئەوی کەسەتارعەلیپور شکستیی دێنێت و دواییش فەوت دەکات، وەرەسەکەی واتەغولام حەیدەریش، بەهۆی نەخوشییەوە توانایی رەفع و رجوعی کارەکانی نابێت، سینەما بەبێ خاون دەمێنێتەوە.

بە وردبوونەوە لەو بەڵگەنامە دەستخەتەی وا لە ورمێ بەخاتوو رەعنا یان داوە، دەردەکەوێت کەکاك غەفوور دوای ئەوەی کەلەساڵی ٤٧ دا دەبێتەخاوەنی شەش دانگ ئەعیانی سینەما، خۆی دەست دەکات بەچەند مامەلە لەسەر ئەعیانی سینەما، هۆی ئەو کارەش دەگەڕێتەوەبۆ چۆنیەتی کڕینی شەش دانگ ئەعیانی سینەما لەلایەن کاك غەفوورەوە. کاتێك کەشیرکەتی جیب دەست بەسەر ئەعیانی سینەما دا دەگرێت و لەلایەکی تریشەوەکار و کاسبی سینەما بەرەو کەسادی دەڕوا و خاتوو رەعنا سینەما بەجێ دیلێت و لەئیدارەی کەشاوەرزی دەبێتەموو چەخۆر، ئەوکات ناوی حەیدەر ئەکبەریان (حیدراکبریان) دێتەکاییەوە.


اعیانی
- برابر سند ۶۴۴۵ / ۴۷،۲،۱۷ دفتر ۱۸۸ تهران - به غفور آشناگر برابر اسناد ۱۱۸ / ۴۹،۱۲،۱۱ و ۴۹۴ / بدون تاریخ دفترخانه ۱۱ بوکان چهار دانگ از
- طرف آقای آشناگر به حیدر اکبریان انتقال قطعی و برابر سند ۵۴۰۲۲ / ۵۲،۷،۱ دفترخانه ۲ رضائیه --- ۲ دانگ هم از طرف آشناگر وثیقه
- قرارداد شده و برابر سند ۱۷۴۹ / ۵۲،۹،۱۴ دفترخانه ۱۱ بوکان :
- سه دانگ اعیانی از طرف حیدر اکبریان در حق مسعود نقیب و دانیال سیمانی (بالسویه) انتقال شد --- یک دانگ
- دیگر حیدر اکبریان برابر سند ۱۸۱۴ / ۵۲،۱۱،۲۷ دفتر ۱۱ به مسعود نقیب انتقال شد ...
- برابر سند ۵۷۶۷۲ / ۱۳۵۵،۲،۴ دفتر ۲ رضائیه یک دانگ از طرف غفور آشناگر در حق مسعود و منصور نقیب انتقال شد:

حەیدەر ئەکبەریان لەساڵانی زووەوە شەریکی سەتار دەبێت لەسینەمای مياندواو، کاك غەفوور بەیارمەتی راستەوخۆی حەیدەر ئەکبەریان، شەش دانگ سینەمای بۆکان لەشیرکەتی جیپ لەتاران دەکڕێتەوە، و لەراستیدا حەیدەر ئەکبەریان دەبێتەخاوەنی ئەعیانی سینەما، هەرچەند ماوەی پینج ساڵی پێدەچێت تاکوو کاك غەفوور چوار دانگ بەسەنەد بەناوی حەیدەر ئەکبەریان دەکات، و کاك غەفووریش وەك پاداش دوو دانگی پی دەبڕێت. کەوابوو مالکییەتی سینەما دێتەوە سەر جێی خۆی، هەر دوو شەریك دەبنەوە خاوەنی سینەما، یەکیان خاوەنی زەمین و ئەویتریان خاوەنی ئەعیانی. هەتا ساڵی ٥٥ حەیدەر ئەکبەریان و کاك غەفوور چەند مامەلەیەکیان بەسەنەد لەسەر ئەعیانی سینەما کردووە، کە ناوەکانیان بۆ خاتوو رەعنا ناسراو نین. لەدوای فەوتی سەتار و حەیدەر ئەکبەریان، هەر

ئەو جۆرەی باس کرا، سینەما لەزستانی ساڵی ١٣٥٥ دا سووتا. وەرەسەی هەر دوو لا بایەخێکی ئەوتۆیان بەزەمینی سینەما نەدا و بەحاڵی خۆی بەڕەڵایان کرد.

خاتوو ڕەعنا باس لەکەم تەرخەمی خۆی و بنەماڵەکەی دەکات بۆ ئەوەی کەلەکاتی خۆیدا چالاکی ئەوتۆیان لەخۆ نیشان نەداوە بۆ سەبت کردنی زەمینی سینەما، تاکوو ساڵی ١٣٧٢ کەئیدیعا نامەیەك بۆ دادگای تەوریز دەنێرن و وەڵامەکەشی وەردەگرنەوەکە، سینەمای بۆکان لەکاتێکدا کەهەر سینەما نەمابوو، لەساڵی ١٣٥٩ دا لەگەڵ سینەما کانی ئازەربایجان موسادرە کراوە بۆ بونیادی موستەزعەفان و جانبازان (بڕوانە بەڵگەنامەی کۆتایی ئەم ووتارە).

کاتێك کەشاری بۆکان دەگیرێتەوەو حکوومەت حاکم دەبێتەوە، زەمینی سینەما بەپێنج میلیون تمەن دەفروشرێ بەکابرایەکی عەجەم.


P.1
TO:003184873165 2
شماره ١٤٠١٤١٤
تاریخ ١٣٧٢/١٤/٢٩
پیوست ...............

اموال و دارائیهای استان آذربایجانغربی

آقای غلام حیدر ـ علی‌پور نماینده وراث مرحوم ستار علی‌پور

پاسخ نامه مورخ ٧٢/۶/٢۴ شما ـ اشعار میگردد همانطور که اطـــــرع دارید دادگاه انقلاب اسلامی تبریز در آبانماه سال ١٣۵٩ کلیه سینماـ هـای آذربایجانغربی را بموجب حکم شماره ۴/٨٣٩۴ / ۵٩/٨/٧ صادره از آن ، دادگاه به نفع مستضعفان مصادره کرده است واخیرا" عرصه سینمـــــای بوکان طبق مقررات از طرف اداره اموالودارائیهای مستضعفانوجانبازان آذربایجانغربی بمزایده گـذاشته شده وبفروش رفته است و فعـــــلا" در مورد شکایت شما وسایر ورثه اقدامی برای این اداره میسورنیست%

سرپرست اموالودارائیهای استان آذربایجانغربی
محمد کاملی

ارومیه : چهارراه دانش ساختمان اموال طبقه سوم تلفن ٢٧٠٧٠ ـ ٢٨١١٣
صندوق پستی ١٢١١

02144285084 FROM:RAYKA BAMBOO 1-JAN-2008 17:02

[i]- ڕەحیم بەهرامزادە ئەو دێرە و  ئەو لینکەی
/feature=related&http://www.youtube.com/watch?v=FgVx0E1b7ek بۆ من و کاک ئەنوەر سوڵتانی و چەند بۆکانی دیکە ناردبوو. کاک ئەنوەر بابەتێکی لە سەر سینەما سەعدی بۆ زنجیرە وتاری "بۆکان لە مێژوودا" نووسیبوو، داواشی لە من کردبوو زانیارییەکانی خۆم لە نووسراوەکەی ئەو زیاد بکەم، ئەو دەم نەمتوانی داواکەی بەجێ بێنم، بەڵام بەڵێنم دا بۆ نووسینی بابەتێک.

[ii]- خومەینی لە یەکی دیسامبری ساڵی ١٩٧٨ لە نۆفێل لۆشاتۆوە بەرەوە ئێران گەڕاوە.

[iii]- لە سەردەمی شا، ٤١ سینەما لە کوردستان هەبوو، یەک لەوان سینەما سەعدی بۆکان بوو کە هەر لەو سەردەمەدا سووتا، چلەکەی دیکە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی وێران کران.

[iv]- سەرچاوە ئینترنێت

[v]- سەرچاوە ئینترنێت

[vi]- سەرچاو ئینترنێت

[vii]- سەرچاوە ئینرنێت

[viii]- سەرچاوە ئینترنێت

[ix]- Trojan Horse/Trojanisches Pferd ئەسپێکی دارین کە لە زگیدا سەربازانی یۆنانی خۆیان حەشار دابوو، دوای ئەوەی ئەو ئەسپە دارینە دەکێشرێتە ناو قەڵای تروا، نیوە شەو سەربازان دێنە دەر و دەرگای قەڵا دەکەنەوە و قەڵاکە داگیر دەکەن، کورد بەو کەسانە کە ڕێخۆشکەری زاڵبوونی نەیار و دوژمن بۆ داگیرکردنی وڵات دەبن، دەڵێت کەواسووری بەر لەشکر، کۆماری ئیسلامی لە ٣٢ ساڵی ڕابووردودا بە بێ کەواسووری بەر لەشکر نەیدەتوانی فەرهەنگ و هونەری کورد لە گرێژنە بەرێت و بە سەر خەڵک و وڵات و فەرهەنگ و هونەرەکەید زاڵ ببێ ا .

[x]- گاهشمار موزه ایران/ http://www.cinemamuseum.ir/Content.aspx?ID=Events&TypeId=8

[xi]- سەدەی کارەسات/برایم فەرشی

[xii]-بۆکان لە سەدەی بیستەم دا/ ڕەحمان محەممەدیان

[xiii]- بۆکان لە سەدەی بیستەم دا/ ڕەحمان محەممەدیان

[xiv]-" وابزانم دەرەنگتر دروستکرا ساڵی ٤١ و یان ٤٢"/ هاشم ڕەزائی. کاک ئەنوەر سوڵتانیش پێیوایە دوای ساڵی ١٣٤٠ بە دواوە سینەماکە درووستکراوە و ساڵی ٣٨ و ٣٩ سینەما سەعدی بوونی نەبووە.
http://www.bokan.de/laperekan/nuseran/Kak%20Anwer/bokan/bokan301.pdf

[xv]- حسێن سەعیدی

[xvi]- نامەیەکی حسێن سەعیدی

[xvii]- سەفەرێکی خەیاڵی بۆ بۆکان/برایم فەرشی - تەورێز ١٩٨٤

[xviii]- وێنەکان لە ئارشیوی لاپەڕەی فەیس بووکی بۆکان وەرگیراوە، لە ژێر وێنەکان هومام حەبیب زادە نووسراوە.

[xix]- هاشم ڕەزایی

[xx]- لۆتی ئەو کەسە بوو کە مەیموون و ورچی هەڵدەپەراند،  باوکم پێیدەکوتم بۆم بووی بە لۆتی، لە سەردەمی شانۆی دایکی نیشتمان کۆمەڵێک لە موسڵمانەکانی سابڵاخ بە دەورگێڕەکانی ئەو شانۆنامەیان گوتبوو لۆتی، لەوانە باوکی غەنی بلووریان ئەوی ماڵێ دەری کردبوو، لە بەر ئەوەی لەو شانۆیەدا بەشدار بووە.

[xxi]- ئەو ژمارەیە بەراوەردی نووسەرە و ڕەنگە دروست نەبێ.

[xxii]- حسێن سەعیدی

[xxiii]- هاشم ڕەزایی

[xxiv]- هاشم ڕەزایی

[xxv]- حسێن سەعیدی

[xxvi]- برایم فەرشی

[xxvii]- نامەی هاشم ڕەزایی

[xxviii]- کولێرەی شاپەسەند لە گوزەری سەید سەدیق لە دوکانێک ساز دەکرا، کولێرەکە گەورەیی بە قەرا کولێرە ناسکە بوو، بەڵام نەرم و شیرین بوو، ئەو کولێرەیە بۆ بازاڕی سەقزیش دەناردرا.

[xxix]- کەشکی نەقوڵ لە بۆکا ن دروست دەکرا، وەک گەزی ئیسفەهان وابوو، بەڵام ڕەق بوو، لە زاردا بە سەختی نەرم دەبووە، یەکێک لەو کەسانەی کە دواتر بوو بە موعەلیم، بە تۆبزی ئەو کەشکی نەقوڵەی بەو کەسانە دەفرۆشت کە ددانی دەستکرد(مصنوعی)یان هەبوو، ئەو کەشکی نەقوڵە وەک چەسپ ددانی سەروژووری بە یەکەوە دەچەسپاند، کڕیاری بێچارە لەو حاڵەتەدا نە قسەی بۆ دەکرا، نە ددانی بۆ دادەپچڕا.

[xxx]- لوقمە قازی لە ئارد و شەکر لە لایەن خانمێکی بۆکانییەوە ساز دەکرا کە ناوەکەیم لە بیر نەماوە، گەورەیی لوقمە قازی بە قەرا تۆپی پینگ پۆنگ بوو، هەرزان و خۆش بوو بە تایبەت بە شیلەوە. من هەمان لوقمە قازییم لە ماڵە کوردەکانی ئەستانبووڵ خواردووە. هەمان لوقمە قازی ساڵانێکە لە سوپێرمارکێتەکانی ئوروپاش دەبیندرێ.

[xxxi]- کابرایەک هەموو ڕۆژێک بە بەردووکانەکانی بۆکاندا دەهات و هەرای دەکرد"گۆشتی مەڕە کوێرە" من پێم سەیر بوو گۆشتی مەڕي کوێر چییە، ڕۆژێکیان کە چوومە سەر سەوتەکەی، دیتم گۆشتی نەقە دەفرۆشێ.

[xxxii]- کابرایەکی عەجەمی باڵابەرز کە چوار فەسڵی ساڵ کڵاوی لەبەداری لە سەر دابوو، داری لەو قۆڕغانەی قەراغ چۆم دەبڕییەوە، پێستەکەی لێدەکردەوە، دو داری چەند میتری لە سەر هەر دوو شانی دادەنا و هەرای دەکرد" دار بۆ دارەڕا" منداڵ ناوی ئەو کابرا لەسەرەخۆ و بەڕێزەیان نابوو"مەشەدی مل ....). بەداخەوە ناولێنانی وا لە ناو خەڵکدا بەشێک لە فەرهەنگی خەڵک بوو.

[xxxiii]- دەبێ مامۆستا هێمن هەڵوای تەنتەنانی خواردبێ، دەنا چۆن لە پێشکەی پێکەنینی گەدا لە نووسینی مامۆستا حەسەن قزڵجی، ئەو بەرهەمە بە هەڵوای تەنتەنانی دەچووێنێ و دەڵێ:" هەتا نەیخۆی نازانی"

[xxxiv]- هاشم ڕەزایی

[xxxv]- سەفەرێکی خەیاڵی بۆ بۆکان

[xxxvi]- سەفەرێکی خەیاڵی بۆ بۆکان/١٩٨٤ برایم فەڕشی

[xxxvii]- ئەو سەردەمە هاوکات بوو لە گەڵ ئیسلاحاتی ئینقلابی سپی، لە مەنتەقەی بۆکان بە ئاغاواتیان دەکوت "ئاغا". دەگێڕنەوە ڕۆژێک کەسێک دەگەڕێتەوە گوندەکەی و دەڵێ ئاغا لە شار حاڵ و وەزعیان شڕە، لەوێش ناهێڵن بە خەیاباندا بڕۆن.

[xxxviii]- باوکی مەلا محەممەد، موئەزنی مزگەوتی حەمامیان بووە، دەگێڕنەوە لە سەردەمی مەحموودئاغای ئیلخانی کاتێک لە حەمامیان بانگی داوە و موناجاتی کردووە، خەڵک لە بۆکان بەرەو مزگەوت ئاوا بوون. نێوان بۆکان و حەمامیان ٥ کیلۆمەتر بووە.

[xxxix]- جەواد لە نمایشاتی کۆمێدی ئەو سەردەمەدا لە سینەما سەعدی بەشداری دەکرد.

[xl]- هاشم ڕەزایی

[xli]- لە ئاڵمان ناوەندێک هەیە بۆ ڕاگرتنی فەرهەنگ و هونەری سەدەکانی ناوەراست، ساڵانە کۆمەڵێک فستیواڵ هەر بەم بۆنەوە بە جلوبەرگ وکەرەسەی ئەو سەردەمە بەڕێوە دەچن، من هەموو ساڵێک بەشداری ئەو فستیواڵانە بووم و زۆرجار لە گەڵ گۆرانیبێژانی گرووپەکان کە موسیقای کوردی و گۆرانی کوردیان بە زمانی ئاڵمانی چرییوە قسەم کردووە، هەروەها خۆشم کۆمەڵێک لە گۆرانییەکانی کوردی سەدەی هەژدە ونۆزدە کە بە ئاڵمانی بوون کردۆتە کوردی.

[xlii]- صادق (سعید راد)، مشهور به صادق کرده، در مسير جاده ي انديمشك و اهواز با همسرش (آتش خير) قهوه خانه اي را اداره مي كند. شبي در غياب صادق يكي از دوستان او كه راننده ي كاميون است به قهوه خانه مي آيد و پس از هتك حرمت از همسر صادق ناخواسته او را به قتل مي رساند. رئيس پاسگاه (محمدعلي كشاورز) و سرگروهبان ولي خان (عزت الله انتظامي)، پدر زن صادق، درصدد دستگيري قاتل برمي آيند؛ اما صادق براي گرفتن انتقام از قاتل همسرش كشتار رانندگان كاميون را آغاز مي كند. سرگروهبان ولي خان از سوي رئيس پاسگاه مأمور مي شود تا به پرونده ي قاتل راننده ها رسيدگي كند. او وقتي يقين حاصل مي كند كه قاتل راننده ها كسي جز دامادش نيست سكوت مي كند. رئيس پاسگاه سرگروهبان را تحت فشار قرار مي دهد، و روزي كه قرار است صادق براي ديدن فرزندش و گرفتن هزار تومان پول، براي عبور از مرز آبي، به خانه ي پدر همسرش برود در محاصره ي ژاندارم ها قرار مي گيرد و از پا درمي آيد.

xliii- Fahrenheit 451 فیلمێکی بریتانیایی ساڵی ١٩٩٦ لە ڕووی ڕۆمانی Ray Bradbury لە لایەن دەرهێنەر François Truffaut ەوە سازکرا.

[xliv]- هاشم ڕەزایی

[xlv]- هاشم ڕەزایی

[xlvi]- نامەی حسێن سەعیدی

[xlvii]- حەسەن فەڕشی کە لە مەدرەسە حەسەنە گیسکەیان پێدەکوت، ئینسانێکی نەسرەوتوو بوو، قسەی ڕەقی لە کەس تەنانەت لە باوکم قەبووڵ نەدەکرد، ئینسانێکی زرینگ وتیژبین بوو. کە منداڵ بووین دایم خەریکی دروستکردنی کەرەسەی جوراجۆر بوو، زۆر منداڵ بووین باوەشێنی بەرقی و باتری دروست کرد، ڕۆژێک کوتی برایم وەر ماشێنێک دروست کەین، تەختەودار و مشار و بزمار و چەکوش و هەرچی دەستی کەوت هێنای و دوای کارێکی زۆر ماشێنێکی بە تەختە ودار دروست کرد کە جێگای چوار کەسی تێیدا دەبووە، پاشان پێداڵی بۆ سازکردبوو کە بە تگەرەکانی پێشەوە پەیوەست بوو. پاش ئەوەی تەواو بوو من و خۆی لە خەیابانی سەقز یەکەمین پرۆبەمان دەست پێکرد و منداڵێکی زۆرمان لە خۆمان کۆکردەوە. کاک حەسەن لە تەمەنێکی زۆر کەمدا شەقی لە سەروەت و دارایی باوکی هەڵداو و بەتاقی تەنیا هەڵات بۆ تاران. پاش مەرگی ناوادەی دەیان کەس کاتێک منیان دەدی باسی جوامێری ئەویان نیسبەت بە کوردەکان لە تاران دەکرد. چەند مانگێک من لە ماڵەکەی ئەو دەژییام هەموو بەیانییەک بە تەقەی درگا وەخەبەر دەهاتین، موسافری

بۆکان و مەهاباد و شارەکانی دیکە کە زۆربەیان نەناسراو بوون لە ماڵی ئەو ئوتراغیان دەکرد. زۆر لە سیاسییەکانی کورد کە لە کوردستان جێگەیان پێ تەنگ دەبوو، خۆیان بە ماڵی ئەودا دەکرد، هەتا ڕۆژێک کۆمیتەی زیندانی ئەوین خۆ بە ماڵەکەی دادەکەن و لە گەڵ خۆیان دەیبەن. پاش ئەوەی ئازاد دەکرێ جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆکان و بە شێوەیەکی نادیار کۆتایی بە ژیانی دێ. کاک حەسەن بە هۆی ئەو پێوەندییانەی کە هەیبوو یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە تاران چەکی کۆدەکردەوە و دیگواستەوە کوردستان و هەدیەی پێشمەرگەکانی حزبی دێموکراتی کوردستانی دەکرد. هەرچەند لە مەدرەسە لە سەر حەسەنە گیسکە تێهەڵدانی زۆرم خواردووە، بەڵام کۆچی ئەو بۆتاران زۆر زوو منیشی لە بۆکان هەڵقەند، بیستنی مەرگی ئەو بۆ من لە هەندەران چیرۆکێکە کە خۆشم لێکدانەوەم بۆی نییە. لە گوندێکی نزیک شاری گیسن لە ئاڵمان دەژییام، خەونێکی ناخۆشم بینی، ئەو دەم ئیمکانی تەلەفونکردن بۆ بۆکان نەبوو، هیچ خزم و کەسێک لە تاران و تەورێز وڵامیان نەدەداوە، ناچار تەلەفونم بۆ کەسێک لە سوئێد کرد، ئەو پێکوتم کاک حەسەن مردووە. هەمان داستان ساڵی ٥١ کاتێک لە بیمارستانی سینای تاران کەوتبووم بۆ دایکم هاتە پێش.

xlviii- هاشم ڕەزایی

xlix- حسێن سەعیدی

l- فیلمی "پرستوها به خانه برمی گردند" بەرهەمی مەجید محسنی ئاکتۆر و فیملسازی کۆنی ئێرانی لە لیستی فیلمەکانی ئێرانییدا هەیە، بەڵام لە ئینترنێتدا فیلمی " عقابها به خانه برمی گردند/ عقابها به پرواز در میایند" نەدۆزرایەوە.

li- سەبارەت به عقابها پرواز میکنند ، ئەو فیلمە ناوی وقتی لک لکها پرواز می کنند بوو ،[فیلمی سێرگێی ئایزنشتاین کە سینەمای شوورەوی گەیاندە جەشنوارەکانی جیهانی] ، کە فیلمێکی جەنگی روسی بوو بەڵام هەر شەر نەبوو ،باسی دوو دڵداری دەکرد ، کوڕە سەرباز بوو ، لە هەموو شەپ و گەپی شەر نەجاتی دەبێ بەرەو ماڵ دەچێتەوە دەکەوێتە بەر گولەی وێڵەکی و دەکوژرێ، لە مەرگەسات لەسەر گازەرەی پشت دەیان لەک لەک بە ئاسمانەوە دەبینی کە بەرو گەرمین دەرۆن.ئەو فیلمە لەبیرمە من کلاسی شەش بووم ، زیندە یاد کاک تەهای تەحریریان مامۆستام بوم ، ئەو پشنیاری کرد کە حتمەن بچن ئەو فیلمە ببینن./ حسێن سەعیدی

lii- هاشم ڕەزایی

liii- نامەی حسێن سەعیدی سەبارەت بە سینەما سەعدی بۆ نووسەری ئەو دێڕانە

liv- بیرەوەری شانۆی لاو ١٩٩٥/ ٥٠ ساڵ نمایش و شانۆ لە بۆکان٢٠٠٠/ برایم فەڕشی

lv- بیرەوەری شانۆی لاو ١٩٩٥/ ٥٠ ساڵ نمایش و شانۆ لە بۆکان٢٠٠٠/ برایم فەڕشی

lvi- نامەی هاشم ڕەزایی

lvii- سەفەری خەیاڵی بۆ بۆکان/برایم فەڕشی ١٣٦٤(١٩٨٥)